رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 505 دووشەممە 6/ 7/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.505 Mon 6/ 7/ 2009

مەریوان وریا قانع:



...چۆن گۆڕان تیوریزە بکەین؟

ل ٧، ٨و ٩

عادل باخەوان:



زۆربەی سیاسییەکان دیموکراسی لە هەڵبژاردندا کورتدەکەنەوە

ل ٤و ٥

لیستی گۆڕان: دەرکردنی هەر بڕیارێکی بەپەلە بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوور، بڕیارێکی سیاسییەو بەسەر کۆمسیۆندا سەپێنراوە

رۆژنامە

وتەبێژی لیستی گۆڕان رایگەیاند: دەرکردنی هەر بڕیارێکی بەپەلە بۆ ئەنجامدانی راپرسی، بڕیارێکی سیاسییەو لە دەرەوە بەسەر کۆمسیۆندا سەپێنراوە، ئەوە لە کاتێکدایە تەنیا ماوەی (٢٠) رۆژ لەبەردەم وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمدا ماوەو تەنیا (١٨) رۆژیش لە بەردەستدایە بۆ تەواوبوونی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، کەچی هێشتا کۆمسیۆن بڕیاری کۆتایی نەداوە.

لە راگەیەنراوێکدا د.شاهۆ سەعید وتەبێژی رەسمیی لیستی گۆڕان لێدوانەکانی بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە راپرسی لەسەر دەستوور وەبیر دێنێتەوە، کە لە چەند لێدوانێکی جیاجیاو دژ بەیەکدا وتوویانە: «پێویستیان بە ماوەی (٦٠) رۆژە بۆ ئامادەکارییو گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ ئەنجامدانی راپرسی دەستوورو جارێکیش وتوویانە، پێویستیان بەماوەی چوار هەفتەیە بۆ ئامادەکردنی کارتی راپرسی کە هاوڵاتییان لە رێگەیەوە دەنگ لەسەر دەستوور بدەن».

وتەبێژی لیستی گۆڕان دەڵێت: پێمانوایە ئەنجامدانی راپرسی لە رووی تەکنیکییەوە هەروەها هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان لە ناوەڕۆکی ئەو دەستوورە لە ماوەیەکی کورتدا کارێکی ئەستەمە، پێشمانوایە دەرکردنی هەر بڕیارێکی بەپەلە بۆ ئەنجامدانی راپرسی بڕیارێکی سیاسییەو لە دەرەوە بەسەر کۆمسیۆندا سەپێنراوە.

هەروەها جەخت دەکاتەوە کە لیستی گۆڕان متمانەیان بە سەربەخۆییبوونی کۆمسیۆنو بێلایەنی ئەو دەزگایە هەیە، کە مل کەچ نەکات بۆ گوشاری سیاسی، «بەتایبەتی لە کاتێکدا کە شەقامی کوردی لە ناوەوە دەکوڵێت لە ئاست زەوتکردنی ئیرادەی لەلایەن دەسەڵاتێکی وادە بەسەچوو و پەرلەمانێکی ناشەرعییەوە، کە ویستی ستەمکارانەی خۆی بەسەر جەماوەردا سەپاندووە».

بەپێی راگەیەنراوەکە لەماوەی چەند رۆژی رابردووشدا لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی ناڕەزاییو رەتکردنەوەی دەستوور لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو رۆشنبیرانو هاوڵاتییانەوە پەرەی سەندووە، «تائێستاش (١٠٠) هەزار ئیمزا بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن هاوڵاتییانەوە کۆکراوەتەوە، هەر بۆیە پشت بەخوا هەوڵەکانی سەپاندنی دەستوور شکست دێنن».

دهۆک لە پێشێلکاریی بێزارە

ل٢

فەرهاد سەنگاوی پشتگیریی بۆ لیستی گۆڕان راگەیاند



فۆتۆ: شکار

دوای بانگەشەکردنیان بۆ لیستی کوردستانی چەند مامۆستایەکی ئایینی سزا دەدرێن

پشتیوان سەعدوڵڵا

وەزارەتی ئەوقاف چەند مامۆستایەکی ئایینی سزا دا بەهۆی بانگەشەکردنیان بۆ لیستی کوردستانی لە وتاری هەینیداو داواش دەکات، کە کۆبوونەوەی حیزبی بە مامۆستایانی ئایینی نەکرێت.

دوای بانگەشەکردنیان بۆ لیستی کوردستانی لە وتاری رۆژی هەینیدا، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣) مامۆستای لە وتارخوێندن دوورخستەوەو هاوکات لەئێستادا لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکەشدا دەکرێت.

مەریوان نەقشبەندی، بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای ئەوەی چەند مامۆستایەکی ئایینی بانگەشەیان بۆ لیستێکی دیاریکراو کرد، وەزیری ئەوقاف لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەو خروقاتانە، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت کە (٨) مامۆستای ئایینی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیان کردووە، بەڵام تەنیا لە (٣) مامۆستایان دڵنیابووین، کە بانگەشەیان بۆ لیستێکی دیاریکراو کردووە لە شارەکانی کەلارو زاخۆو ئاکرێ، دوێنێ بە فەرمانی وەزیری ئەوقاف بڕیارماندا ئەو سێ مامۆستایە لە وتارخوێندنەوە رابگرینو رەنگە دوای هەڵبژاردنەکە ئیجرائاتی دیکەیان لەگەڵدا بکرێتو بە یەکجاریی لە وتارخوێندنەوە دووربخرێنەوە، ئەو (٥) مامۆستایەی دیکەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بانگەشەیان کردووەو وتارەکانیان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.

کۆمپانیای رۆژی نوێ

بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە هەلێکی زێرین...





کۆمپانیای رۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە رووبەری (١٠٩م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، راڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە.
١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە.
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر نامادەیی شەهید جەمال تایەر
0750 152 1717-0770 152 9392- 0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com

Rozhi Nwe Co.


ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان
NEW Sirwan
Mineral Spring Water
زیاد لە 25 ساڵ ئەزمون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا
From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی راستەوخۆ

پەڵە ڕەشەکانی پەرلەمان



هیوا جەمال

پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان هەر لەیەکەمین هەنگاویەوە بە ناتەواوی داغڵی کۆبوونەوەکانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ بوو، ئەویش بەدانانی عەدنان موفتی بوو بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕێکەوتنەکانی ناو یەکێتی لەسەردانانی سەرۆکی پەرلەمان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند، بڕیار نەبوو عەدنان موفتی ببێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی نێوان جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیدا بڕیاریان لەسەر موفتی دا ببێتە سەرۆکی پەرلەمان.

لەماوەی چوار ساڵی پەرلەمانی بەسەرچووی کوردستاندا چەندین «پەڵەی ڕەش» لە مێژوویاندا تۆمارکراوەو لەلایەن ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسانو سیاسیو چاودێرانەوە باسیانکراوە.

دانیشتنەکان

پەرلەمان کە سەرەتا بۆ ماوەی یەک ساڵ لە (٢٠٠٥/٥/٣٠)دا لەگەڵ پەرلەمانی عێراق هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجامدرا، دەبوو لەدوای تەواوکردنی ساڵێک هەڵبژێردرێنەوە، بەڵام بە ڕێکەوتنێکی دیکەی هەردوو کەسی یەکەمی یەکێتیو پارتی ماوەکەیان درێژکرایەوە بەبیانووی «خۆجیاکردنەوە لە بەغدا» دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان وەک «هەرێمێکی جیاواز».

سەرەڕای ئەوەی کە دوای دوو هەفتە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاندرا، دەبوو لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٢/٢٥) یەکەم دانیشتنی پەرلەمان ئەنجامبدرایە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێگربوو لە ئەنجامدانی دانیشتنەکە تا یاسای دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەرچوو، بۆیە یەکەم دانیشتن کەوتە ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٤) کە ئەوەش بەیەکێک لە پەڵە ڕەشەکانی پەرلەمان هەژمار دەکرێتو هەرئەوکات ئاماژەبوو بۆ گوێ لەمستبوونی ئەندامەکانی بۆ حیزب.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە ئەو پەرلەمانەی ئێستا ماوەکەی بەسەرچووە هەر لەسەرەتایەوە بەشێوازێکی خێچ کارەکانی دەستپێکردووەو دانیشتنەکانی بە فەرمانی حیزب ئەنجامداوە.

لەماوەی کارکردنیدا چەندینجار دانیشتنە ئاساییەکانی ئەنجام نەداوە، یان لەسەر فەرمانی مەکتەبی سیاسییەکان دانیشتنی ئەنجامداوە. بۆ نموونە پێش وادەی بەسەرچوونی لەماوەی مانگی ئایارداو لە سێ هەفتەی کۆتاییدا تەنیا یەک دانیشتنی ئەنجامدا، لەکاتێکدا چەندین پرۆژەی یاسایی گرنگی وەک (ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەستووری هەرێم، بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژیی خێزانی، هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان)و چەند پرۆژە یاسایەکی دیکە لەبەردەستدا بوو کە گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، بەڵام تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەهۆی سەرقاڵی لیژنەکانەوە بەو پرۆژە یاسایانەی کە لە بەردەستیاندایە کۆبوونەوەکان کەمتر بوون.

یەکێکی دیکە لە خاڵە ڕەشەکان ئەوەیە کە پەرلەمان تەنیا بەمەبەستی تێپەڕاندنی دەستوورە داتاشراوەکە ماوەی کارکردنی خۆی درێژکردەوەو لەو ماوەیەدا تەنیا دەستووریان تێپەڕاندو سەری ڕەزامەندیشییان بۆ بودجەیەکی لیلۆ نارۆشن لەقاندو پشووی هاوینەی پەرلەمانیان ڕاگەیاند، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی تەنیا مەبەست لە درێژکردنەوە تێپەڕاندنی دەستووری داتاشراو بووە.

پرۆژەیاساکان

لەماوەی یاساییو بەسەرچووی ئەو پەرلەمانەی کە فەرمانی حیزبەکان دانیشتنەکانی دەستپێکرد چەندین پرۆژەیاسای پشتگوێخستووەو چەندین پرۆژەیاساشی لەکاتێکدا پەسەندکردووە، کە گرنگترو گرنگترین لەپێشیانەوە هەبوون، ئەوە جگە لەوەی چەندین پرۆژەی پەسەندکردووە کە کەموکوڕیی زۆریان تێدایەو پەرلەمانتارەکان وەک بڵێی تەنیا بۆ سەلماندنی گوێڕایەڵییان بۆ حیزب ئەنجامیانداوە.

بۆ نموونە لە کاتێکدا پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی جگەرەی پەسەندکرد، کە چەندین یاسای وەک بودجەی حیزبەکانو یاسای باری کەسێتیو هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانو پرۆژەی دەستووری هەرێمو چەندینی دیکە لەبەردەستدابوون.

تا ئێستا چەندین پرۆژە یاسا هەن کە پێویستییەکی هەنوکەیین بۆ خەڵکی کوردستانو دەبوو لەماوەی یاسایی خۆیدا پەرلەمان پەسەندی بکردنایە، بەڵام پێشتگوێی خستوون،ئەوانیش پرۆژەیاسای دەستکەوتنی زانیاریو پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکانو خزاندنی پرۆژە یاسای خەتەنەکردنی مێینە بۆناو پرۆژە یاسای تووندوتیژیی خێزانی.

یاساو بڕیارەکان

لەماوەی یاساییو بەسەرچوویدا پەرلەمانی کوردستان چەندین بڕیارو یاسای دەرکردووە، کە بە بڕوای پەرلەمانتارەکان خۆیان چەندین کەموکوڕییان تێدایە.

بۆ نموونە بە بڕیارێک پەرلەمانی کوردستان ناوی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانیکوردستانەوەگۆڕیبۆپەرلەمانی کوردستان، کە ئەوە بە «فێلێک» لە خەڵک حساب دەکرێت، لەبەرئەوەی لە دونیای نوێنەرایەتیدا لە جیهاندا بەدوو ژوور یان کۆمەڵ دەوترێت پەرلەمان کە لە ژووری ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی نیشتمانیو سینات یان ئەنجومەنی پیران پێکدێتو ناوی پەرلەمانی لێدەنرێت، بەڵام لە کوردستان بۆئەوەی ئەنجومەنی پیران دروست نەبێتو بەڵانسی هێز ڕانەگیرێت، پەرلەمان ئەو بڕیارە خراپەی دەرکرد.

لەماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا پەرلەمانی بەسەرچوو کە پرۆژەیاسای بودجەی پەسەندکردووە ناشەفافانە پەسەندیکردووەو وردەکاریی نەهێنراوەتە پەرلەمان لەوماوەیەدا بە ئەم ساڵیشەوە هەر لە بەغداوە (٤٦٪)ی بۆ ناوچەکانی یەکێتی هاتووەو (٥٤٪)ی بۆ ناوچەکانی پارتی هاتووە، ئەوە جگە لەوەی هیچ ساڵێک حسابی کۆتایی نەگەڕێنراوەتەوە پەرلەمان، کەچی ئەو پەرلەمانە سەرەڕای هەڕەشە سەرزارەکییەکانیان بە کۆ یان زۆرینەی دەنگ بودجەکەیان پەسەندکردووە.

یەکێک لە پەڵە هەرە ڕەشەکانی پەرلەمانی بەسەرچوو تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە هەزاران لە ڕۆشنبیرانو مامۆستایانی زانکۆ، دادوەرەکان، ئەندازیاران، پزیشکەکان، خوێندکاران، پارێزەران، سیاسییەکان، خەڵکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان داوایانکرد تێنەپەڕێندرێت، کەچی پەرلەمان لەبەرئەوەی نوێنەری خەڵک نەبوو تەنیا گوێیەکانی بۆ حیزب کراوەبوون دەستووریان تێپەڕاندو هیچ خەمی ئەوەیان نەبوو کە لەم هەڵبژاردنەدا خەڵک دەنگ بە حیزبەکانیان ناداتەوە.

پەرلەمانی بەسەرچوو بەشێوازێکی وا نایاسایی دەستووری تێپەڕاند، کە تەنانەت دەستوورەکەشی لەسەر بەتاڵ پەسەندکرد، ئەو پەرلەمانە لەماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا دەستووری لەناو چەکمەجەکاندا شاردبووەوە بە هەزاران تێبینی لەسەر ڕەشنووسەکەی پێشوو بۆچوو بوو چ لەلایەن ڕۆشنبیرانو یاساناسانو پسپۆڕانی دەستوورییەوە چ لەلایەن حیزبەکانەوە، کە بەپێی زانیارییەکان کەمترین سوود لەو تێبینیانە وەرگیراوە، بەڵام بۆ موزایەدەی سیاسی چەند حیزبێک لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا منەتیان کردو بڕگەیان لێی زیادو کەمکرد.

بەرزان عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشتریدا بۆ ڕۆژنامە پێیوابوو، کە پەرلەمان ئەوەی مەبەستی بوو لەو ماوە درێژکراوەی خۆیدا ئەنجامیدا، وتیشی: «ئەوەی هەدەفی سەرەکی بوو بەلای پەرلەمانەوە پرۆژە یاسای بودجەو دەستوور بوو کە لەو ماوە درێژکراوەیەی خۆیدا پەسەندی کردن».

دوورخستنەوەی ئەندامانی یەکێتیو پارتی بەردەوامە

دلێر عەبدولخالق

دوو ئەندامی ناوچەی قەڵادزێی پارتی لەسەر بۆچوونی جیاوازو پشتیوانیکردن لە کەمال میراودەلی کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لە کارەکانیان دوورخرانەوە.

دوای دەرکردنی هەندێک لە کادیرانی حیزبیو دوورخستنەوەی چەند کەسێک لە پۆستەکانیان لەلایەن یەکێتییەوە لەسەر ڕای جیاوازو پشتگیریی بۆ لیستو کەسایەتی دیکە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانو سەرۆکایەتیدا، دوورخستنەوەی کادیرانو لێپرسراوانی حکومی لەلایەن پارتیشەوە دەستپێکردووە. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هەریەک لە عەلی حەمەد ئاغاو عەلی حەمەد عوسمان، ئەندامانی ناوچەی پارتی لە قەڵادزێ لەسەر پشتیوانیکردنیان بۆ لیستی جیاوازی دەرەوەی یەکێتیو پارتیو ئامادەنەبوون بە دەنگدان بە مەسعود بارزانی پاڵێوراوی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، لە کارەکانیان دوورخرانەوەو دەرکران.

عەلی حەمەد عوسمان، کە ماوەی ١٩ ساڵە ئەندامو کادیری پارتییە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەناو ریزەکانی پارتیدا بۆچوونی جیاوازمان هەبوو، بۆچوونەکانیشمان لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەی هاولاتیو چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە خستوتەڕوو، «دوای سەردانی کەمال میراودەلیش بۆ قەڵادزێ کە خەڵکی ناوچەکەیە، پشتیوانیمان لێکردووە، بەڵام دوای ئەوەو لەسەر ئەو هەڵوێستە لەلایەن لقو ناوچەی پارتییەوە لە کارەکانمان دورخراینەوە»، هەروەک دلخۆشبوو بەو هەڵوێستە «چونکە زانیمان ئەو حیزبە وەکو کۆیلە سەیری ئێمە دەکاتو تەنانەت ئازادییە کەسییەکانیشمان پێشێلدەکەنو لای ئەوان قەدەغەیە پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسێک ببەستین کە بۆچوونی جیاوازو دژی هەبێت».

عەلی حەمەد نیگەران بوو لەوەی کە نیوەی تەمەنی خۆی بەو پارتە بەخشیوەو لە زۆربەی بوارەکانی ئەو حیزبەدا کاریکردووە، «بەڵام ئێستا بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەوڵو ماندووبوونە دەریانکردین».

چەپەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەولێر کۆنفرانس دەبەستن

ڕێبین فەتاح

بڕیارە تەواوی حیزبو لایەنە سیاسییە چەپەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا کۆنفرانسێکی بەرفراوان لە هەولێر ببەستن، کە لەلایەن حیزبی شیوعی کوردستانەوە سەرپەرشتیدەکرێت.

د.هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە کۆنفرانسەکە جگە لە هێزە چەپەکان، کۆمەڵێک کەسایەتی چەپیش تێیدا ئامادە دەبنو بڕیارە دوو ڕۆژ بەردەوام بێت. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە کۆنفرانسەکە دوو تەوەری سەرەکی لە خۆدەگرێت، یەکەمیان: خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی جیهانە لە ڕوانگەی چەپەوە، دووەمیان: ئەرکی چەپی کوردستانییە لە هەلومەرجی ئێستادا.



کۆمیتەی پیرمەگروون سەرپەرشتی پرۆژەیەکی حکومەت دەکات

فاخیر تەلانی

چەند کادیرێکی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی پیرمەگروون سەرپەرشتی دابەشکردنی ئاوی ئەو تەنکەرانە دەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە دابینکراونو بودجەیان بۆ سەرفکراوە، سەرباری ئەوەش تەنکەرەکان وێنەی جەلال تاڵەبانیان پێوەکراوەو ئەو ئاوەی دەدرێتە هاوڵاتییان وەک دەستکەوتی حیزبی لەقەڵەمدەدەن.

ڕۆژانە (٨٠) هەزار لیتر ئاو لەڕێگای (٦) تەنکەرەوە دەگەیەنرێتە شارۆچکەی پیرەمەگروونو بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت، هەرچەندە ئەو بڕە ئاوە ڕێژەیەکی کەمە بەبەراورد بە ژمارەی (٥) هەزار مااڵی دانیشتووی شارۆچکەکە، بەڵام ئەوەش لەلایەن کادیرانی یەکێتییەوە وەک دەستکەوتێکی حیزبی بە خەڵک دەناسێنرێت.

دلێر حەمە سەلیم، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی پیرەمەگروون، نکۆڵی لەوەنەکرد کە شارۆچکەکەیان گرفتی بێئاویی هەیەو بۆ چارەسەری ئەو کێشانەش لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ڕۆژانە ئاو بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت،ئەوەش تارادەیەک کێشەی کەمئاویی چارەسەرکردووە.

لەبارەی سەرپەرشتیکردنی دابەشکردنی ئاوی تەنکەرەکانەوە لەلایەن کادیرانی حیزبیو یەکێتییەوە، دلێر وتی: «من داوام لە ئەنجومەنی شارەوانیی پیرەمەگروون کردووە لە گەرەکەکانی ناو شارۆچکەکە لیژنەیەکی چەند کەسی دەستنیشان بکەن بۆ سەرپەرشتیکردن، کە چەند کەسێک دانراون، بەڵام من ئاگادارنیم لەدانانیان و پەیوەندی بەمنەوە نییە، جگە لەو لیژنەیەش لەگەڵ هەر تەنکەرێک کارمەندێکی خۆمان هەیە».

دهۆک له پێشێلکاریی بێزارە

نیواریٚ باشووری
دهۆک



دوای دەستپێکردنی ماوەی یاسایی بانگەشەی هەڵبژاردن، کومەڵێک پێشێلکاریی دژ بە لیستی گۆڕانو ڕێساکانی شارەوانیو کومسیۆن ئەنجامدراون لە سەرتاسەری کوردستان، دهۆکیش یەکێک لەو پارێزگایانەیە کە کۆمەڵێک پێشلکاریی تیایدا ئەنجامدراون.

ئاهەنگی خروقات

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لیستی کوردستانی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کومەڵێک پێشێلکاریی یاساکانی کۆمسیۆنی کردووە لەکاتی سازدانی ئاهەنگی جەماوەری لیستەکەیان لە شاری دهۆک.

لەم ئاهەنگەدا کە شۆینەکەی ستادیۆمی بەڕێوەبەرێتی چالاکی قوتابخانەکان بوو، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەیەو جێگایەکی حکومیەئوتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی تەندروستی شاری دهۆک بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان بەکارهێنراون، دیسان لەوکاتەدا دوو سەنتەری ڕۆشەنبیری چۆلکرابوونو کارمەندەکانی برابوون بۆ ئاهەنگەکە، تیپی موزیکی ئاهەنگەکەش تیپی ڕوبادی هونەری بوو، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

دڕاندنی پۆستەرەکان

هەڵسوڕاوێکی بنکەی لیستی گۆڕان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە دهۆک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، زۆربەی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان دڕێندراونو وتیشی: «یەکێک لە بەرچاوترین ئەو پێشێلکاریانەی لە هەموو قەزاو ناحیەی سەر بە پارێزگای دهۆک، دڕاندنی پۆستەرەکانە، زۆربەی ئەو پۆستەرانەی لیستی گۆڕان هەڵواسراون بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە (سەرسنگ، قەدش، ئێنیشک، بامەرنێ، ئامێدی، شێلادزێ، دێرەلوک) دڕێندراون»، وتیشی: «ئەمە بۆ جاری دووەمە کە پۆستەرەکان هەڵدەواسینو دڕێندراون».

شوێنە گشتییەکان

لە گەلێک لەشوێنە حکومیەکان لیستی کوردستانی بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ لیستەکەی کردووە، وەک لە سەرسنگ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سەرسنگ، بانکی سەرسنگو بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی سەرسنگ. دیسان لەناو شاری زاخۆو لە سەنتەری پارێزگای دهۆک لیستی کوردستانی شوێنە گشتییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێنراون، کە بەرچاوترینیان لە زاخۆ ئەو پارکەیە کە دەکەوێتە بەرامبەر پردی زاخۆ (دەلال)، کە پەیکەری هونەرمەندان (ئەیازو ئەردەوان زاخۆیی) تێدا دانراوە. لە دهۆکیش ئەو پارکەیە کە بە پارکی بارزانی ناودەبرێت کە لافیتەکانی بانگەشەی لیستی کوردستانی پێیەوە هەڵواسراون.

شارەوانی

گەلێک لەو شوێنانەی کە شارەوانیی دهۆک بە گرێبەست لە مانگی ئەیلولی (٢٠٠٨) دراون بە کۆمپانیاکان لەلایەن لیستی کوردستانییەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێنراونو لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئەوان ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەو شوێنانەن کە بەشێوەیەک بەکارهێنراون، بەگوێرەی ڕێساکانی وەزارەتی شارەوانی، نابێت ئەو شوێنانە بەوشێوەیە بەکاربهێنن و وتیشی: «نابێت بەهیچ شێوەیەک قەوارەیەکی سیاسی بەبێ ئاگادارکردنەوەی شارەوانی پۆستەرەکانی خۆی هەڵبواسێتو ئەوەی سەرپێچی بکات لەلایەن خۆمانەوە تۆماری دەکەینو کۆمسیۆن ئاگادارددەکەین».

ئیسماعیل مستەفا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانیی، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: «کۆمپانیاکانیش ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوەو وتویانە سکاڵایەک لەسەر ئەو لیستانە تۆماردەکەین کە بانگەشەی هەڵبژاردنیان لە سنووردەکانی ئێمەدا کردووە بەبێ ئاگاداریمان».

لیستەکان

یەکێک لە لیستەکانی ڕکابەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ ئەوان سکاڵا لەلایەن ئۆفیسی دهۆکی کومسیۆنی بالا تۆماردەکەنو ئەگەر بێسوودیش بوو، پەنا دەبەنە بەر دادگای بالای عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکانو هەموو میدیاکانی جیهان لەو پێشێلکاریانە ئاگادار دەکەینەوە. هاوکات ماوەیەک پێش ئێستا لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕاگەیاندبوو، کە تا ئێستا شەش سکاڵا تۆمارکراون لەدژی لیستی کوردستانی.

نشینگەی تەوێڵە بیانوو بە پالێوراوێکی لیستی گۆڕان دەگرێت

هەستیار قادر

بە بیانووی تێپەڕاندنی بازگەیەک، بنکەی نشینگەی ناحیەی تەوێڵە داوایەکی یاسایی لەسەر پالێوراوێکی لیستی گۆڕان تۆماردەکاتو دادگای هەڵەبجەش بڕیاری بێتاوانی ئەو پالێوراوە دەدات.

بەبیانووی تێپەڕاندنی یەکێک لە بازگەکانی بنکەی نشینگەی ناحیەی تەوێڵە ئەو بنکەیە سکاڵا لەسەر فەهمی عەبدولقادر، پالێوراوی لیستی گۆڕان تۆماردەکات لەو ناوچەیەو ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (٧/٢) لەلایەن بنکەی پۆلیسی تەوێڵەوە ئەو پالێوراوەی لیستی گۆڕان بانگهێشت دەکرێتو دواتر ڕەوانەی دادگای هەڵەبجە دەکرێتو لەدوای ڕووبەڕوبونەوەی بارودۆخەکە بە کەفالەتی (١٤٠) هەزار دینار ئازاد دەکرێت.

وەک فەهمی عەبدولقادر دەیگێڕێتەوە لە (٢٠٠٩/٦/٦)دا لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی ناوی پالێوراوانی لیستەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانیدا سەردانی باخچەیەکی سەر سنووریان کردووەو دوای گەڕانەوەیان لەلایەن بازگەیەکی بنکەی نشینگەی تەوێڵەوە ڕادەگیرێتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن بەتۆمەتی تێپەڕاندنی ئەو بازگەیە، لەو بارەیەوەشەوە پالێوراوەکەی لیستی گۆڕان وتی: «من خەڵکی تەوێڵەمو ماوەی (٨) ساڵیشە لەو ناحیەیە ماموستامو هەموو خەڵکی ناوچەکە دەمناسنو هیچ کاتێک لەو بازگەیە ڕانەگیراوین، بەڵام ئەو ڕۆژەو لەکاتی گەڕانەوەمدا ئەفسەرێکی نشینگە بەناوی (ه.ک) کە لەهەمانکاتدا لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی یەکێتییە لە تەوێڵەیە خۆی کردووە بە شاهید بەسەرمەوە کە ئەو بازگەیەم تێپەڕاندووەو کاتێکیش یەکێک لە پۆلیسەکانی بازگەکەیان بانگکردووە بۆ شایەتیدان، وتویەتی کە ڕووداوەکە بەوشێوەیە نەبووەو دواتر پێموتوون ئەگەر من کاری نایاساییم کردووە داوای لێبوردن لە یاسا دەکەم، بەڵام بەڕێوەبەری بنکەکە پێیوتووم داوای لێبوردن لە (ه.ک)ی ئەفسەر بکەو ڕووکاری لێکۆڵینەوەکەیان گۆڕیوە بۆ گفتوگۆکردنی هەڵبژاردنو هەردوو لیستی گۆڕانو کوردستانی».

فەهمی عەبدولقادر ئەو کارەی نشینگەی تەوێڵە بە کاردانەوەیەکی سیاسی لە قەڵەمدەدات بەمەبەستی ناوزڕاندنی لە ناوچەی هەوڕامانداو کە وەک پالێوراوێکی لیستی گۆڕان کار بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان دەکات».

گەنجانی کوردستان تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستوور ڕەتدەکەنەوە

ڕێبین فەتاح

زیاتر لە (١٠٠) گەنجی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن «بە هیچ شێوەیەک بە دەستوورێک ڕازی نین، تێیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان زاڵبکرێت».

لە بەیاننامەکەدا کە ئیمزای زیاتر لە (١٠٠) لە گەنجانی لەسەرەو وێنەیەکی گەیشتووەتە ڕۆژنامە، هاتووە ئێمە وەک کۆمەڵێک لە گەنجانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانو خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین، بە تونڈی تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان ڕەتدەکەینەوە، داوا لە لایەنە سیاسییەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو تەواوی هاوڵاتیانی کوردستان دەکەین، هەڵوێستی مەدەنییانە لە بەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستوور لەو ماوە کورتەدا وەربگرن».

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە «ئێستا کە تەنانەت پەرلەمانتارانی کوردستانیش پرۆژەکەیان بە وردی نەخوێندووەتەوە، یان هەر بە دەستیان نەگەیشتووە، چجای ئەوەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بینبێتیان، ناکرێت ڕێگابدرێت دەستوورەکە تێپەڕێنرێت».

ئەوگەنجانە لەوبروایەدان تێپەڕاندنی دەستوور چەندخاڵێکی لەپشتەوەیە، لەوانەش «زاڵکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتی یاساداناندا، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو پارتە بااڵدەستەکەی کوردستان لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکەو بێ بایەخکردنی دەنگو ئیرادەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای سیستمێکەوە کە سیستمی سەرۆکایەتییە».

خاکی هەرێم بۆردومان دەکرێت

سەرکەوت لەتیف

فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا، لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دووجار بۆردومانی ناوچە سنوورییەکان دەکەن، ئاگر لە سەدان دۆنم زەوی و ڕەزی ناوچەکانی ئامێدی و بەرواری باڵاو زاخۆ بەردەبێت، سەرەڕای چەندین ئامارو بەدواداچوون تا ئێستا قەرەبووی زیانلێکەوتووانی پێشووی بۆردومانەکانی تورکیا نەکراوەتەوە.

نەقیب سەنعان، بەرپرسی هێزەکانی پاسەوانی سنوور، لە زاخۆ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، «گەشتی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیاو بەزاندنی ئاسمانی هەرێم، ڕۆژانە هەیە، لەم دوو ڕۆژەی ڕابردوودا فڕۆکەکان بۆردومانی ناوچەکانی سنووری ئامێدی و بەرواری باڵایانکرد، نزیکەی سێ بۆ چوار کاتژمێر بۆردومان بەردەوام بوو، بۆردومانەکە لەهەندێک ناوچەدا زۆر نزیکبووە، بۆ نموونە لە نزیک دێرەلوک، کانی ماسی»، ئەو بەرپرسەی پاسەوانی سنوور ڕاشیگەیاند، بۆردومانەکە زیانی گیانی نەبووە، بەڵام بەهۆی بۆردومانەوە بە سەدان دۆنم زەوی و ڕەزو باخ سووتاوە.

بۆردومانەکانی تورکیا لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنن کە پەیوەندییەکانی هەرێمو تورکیا لە ئاستێکی باشدایەو لەم ڕەوەشەوە هەرێمی کوردستان دوو ڕێککەوتنی هاریکاریکردنی تورکیا لەهەمبەر پەکەکەو واژوو کردووە، ئەوانەش ڕێککەوتنی کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت لە هەولێر، ڕێککەوتنی مانگی نیسانی ڕابردوو کە تیایدا کورد دانی بە تیرۆریستبوونی پەکەکەدا ناوە.

ڕوونکردنەوە

ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١ لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٥٠٢) لە لاپەڕە (٢)دا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەسەر شارەوانیی ڕۆژئاواو شارەوانیی سلێمانی بەگشتی، کە ڕەخنەی لەسەر ڕسوماتی قیرو پسوڵەی هاوڵاتی (عوسمان حاجی خدر) هەیە لەلایەن بەڕێز (بەرهەم خالید) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام وا دیارە ئەم بەڕێزە زانیاری نییە لەسەر ئەو بابەتەو داوای زانیاری نەکردووە لەسەر شێوەی ڕسومات، بۆیە ئەم ڕوونکردنەوەیە دەنێرین:

ڕسوماتی ٤/١ی قیرتاوی شەقام لە هاوڵاتی وەردەگیرێت و ٣/٤ی شارەوانی جێبەجێیدەکاتو لە هەموو دونیادا ڕسومات لە هاوڵاتی وەردەگیرێت وەک باجی ئاو، کارەبا، سەتەلایت، ئینتەرنێت، خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

ئێمە وەک شارەوانیی سلێمانی بە بڕیاری وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دارایی/ محاسەبە ژمارە (٨٤٥٧) لە ٢٠٠٩/٥/١١، ئەم ڕسوماتانە لە هاوڵاتیان وەردەگیرێتو باجی ٣/١ی بەکارهێنانی شەقام دەدرێت.

ڕسوماتی قیرو کۆنکرێتو شۆستە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە، لە مانگی (تەممووز)ی ٢٠٠٨ ئەم نووسراوەمان پێگەیشتووەو کاری پێدەکەین بۆ پێدانی مۆڵەتی نیشتەجێ بۆ هاوڵاتیان.

لەگەڵ ڕێزماندا..

ڕاگەیاندنی شارەوانیی سلێمانی

ئێمە ئەوە دەزانین کە وەرگرتنی ڕسوماتو باج لە هاوڵاتیان کارێکی ئاسایی و یاساییەو بەشێک لە داهاتەکانی هەر حکومەتێک باجو ڕسوماتە، بەڵام باسکردنی ئەو مەسەلەیە بۆ نایاسایی بوونی ئەو کارە نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە دەسەڵات قیرتاوکردنو خزمەتگوزارییەکانی دیکە کە ئەرکی خۆیەتی و لە بودجەو مالی گشتی پارەکە تەرخانەکرێتو بەشێکیشی دواتر لە هاوڵاتیان وەردەگیرێتەوە، کەچی وەک منەت بە خەڵکی دەفڕۆشێتەوە.

بەرهەم خالید

ـــــتان، هەموو دیموکراسی لە هەڵبژاردندا کورتدەکەنەوە

سەربەخۆی خـاوەن مـاف بنیابکات، کردبێت بە بەرنامەی کاری خۆی گرفتی ئەم حیزب‌و گروپ‌و هێزە سیاسییانە، لە چەپی چەپەوە تا راستی راست، لەوەدایە کە نە خۆیان دەتوانن بیربکەنەوەو زانست لەسەر ئەزموونەکەیان بەرهەمبهێنن، نە بانگهێشتی کۆمەڵێک زانای بێلایەن‌و ئەکادیمی دەکەن کە ئەم کارەیان بۆ بکات.

رۆژنامە: تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە کە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩) زەبرو زەنگیان لێبکەوێتەوە؟

* لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە تائێستا ئەمە سێیەمینجارە کە هەڵبژاردن لە کوردستاندا ئەنجامدەدرێت، ساڵی (١٩٩٢) کە هەڵبژاردن ئەنجامدرا لە کوردستاندا شتێکمان نەبوو بەناوی کێڵگەی سیاسی، بەو مانایەی کە پیەر بۆردیۆ بەم چەمکەی دەدات، ئەوەی لە کوردستانی ئەو کاتەدا هەبوو، کۆمەڵێک حیزبی نیوە میلیشیاو نیوە مەدەنی بوو، کە هیچ ئەزموونێکی سیاسی‌و حکومەتداریان نەبوو. ئەم حیزبانە کە تازە بە تازە، هەم لە شاخ دابەزیبوون‌و هەم لە شوناسە تۆتالیتاریەکانی سۆسیالیسم‌و کۆمۆنیسم‌و ئیسلامیسم‌و ناسیۆنالیسم هاتبوونە دەرەوە، کۆمەڵێک ئەکتەری بێ مێژوو لە کلتووری دیموکراسی‌و هەڵبژاردن‌و ژیانی مەدەنی بوون‌و دواتر هەڵبژاردنیان یەکسانکرد بە جەنگی براکوژیی‌و کوردستانیان کرد بە گۆمی خوێن، واتە کاتێک هەڵبژاردن، لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی‌و کلتووری‌و سیاسی‌و ئابووری نادیموکراتیدا پراکتیک دەکرێت بەهێزترین ئەگەر ئەوەیە کە نزیکترین ڕێگابێت بۆ زەمینە سازکردنی یەکترکوشتنی ناکۆکەکان‌و بیناکردنی تراژیدیای سوور بە خوێنی مرۆڤەکان.

کۆمەڵگایەک کە تێیدا کەسی تاک دیلی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و ئەخلاقیەکان بێت، نەتوانێت بە خواستی خۆی ئیختیاریان بکات، ئیتر چۆن مافی ئەوە دەدات بەم تاکە بەشێوەیەکی ئازاد دەنگ بدات‌و پاشان ڕێز لە دەنگەکەی بگرێت!

هەڵبژاردنی دووەم کە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ئەنجامدرا، لە چرکەیەکدایە کە عێراق لە دیکتاتۆریەت هاتووەتە دەرەوەو کێڵگەی سیاسی کوردیش بەشێوەیەکی لەرزۆکانە دامەزراوە. بە داخەوە ئەوەندەی کە لە کوردستاندا هەڵبژاردن گرنگە، نیو ئەوەندە خودی دیموکراسی گرنگ نییە. بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری ئەکتەرە سیاسییەکانی کوردستان، هەموو دیموکراسی لە هەڵبژاردندا کورتدەکەنەوە، تراژیدیای ئەم روانینە لەوەدایە کە هێندە تەمەڵ‌و کورتبین‌و ساکارە کە توانای لێکدانەوەو ڕاڤەکردن‌و تۆڕینەوەی دۆخێکی خـۆی نییە، هـەر ئەمەشبوو کە وایکرد، حیزبێکی سیاسی چەکدار پانزە بارەگای حیزبێکی سیاسی دیکە بسووتێنێت‌و چەند ئەندامێکی لێبکوژێت‌و پاشان داوای لێبووردنیشی لێبکات.

سەرەکـی تـرین گرفتی ئەکتەرە سیاسییەکان لە کوردستاندا لەوەدایە کە بەبێ زانست سیاسەت دەکەن، ئەمەش وایلێکردوون کە تێنەگەن لەوەی کە بۆچی هـەردوو هەڵبژاردنەکانی ڕابـردوو لە کوردستان بوون بە هۆکاری خوێنڕشتنی کوردەکان لەنێوان خۆیاندا!

لە ساڵی (١٩٩٢)دا، خوێنڕشتنی کوردەکان لەنێوان یەکتریدا، کەوتە دوای هەڵبژاردنەوە (جەنگی پارتی-یەکێتی، پارتی-سۆسیالیست، یەکێتی-بزووتنەوە، یەکێتی-کۆمۆنیست...هتد). لەساڵی (٢٠٠٥)دا خوێنڕشتنی کوردەکان دیسان لەنێوان خۆیاندا کەوتە پێش هەڵبژاردنەوە (جەنگی پارتی-یەکگرتوو). ڕاستە لەسەر ئاستی ڕێژە ئەم دوو جەنگە لەیەک ناچن، بەڵام بۆ دیموکراسی خوێنی مرۆڤێک لە هەموو هەڵبژاردنەکانی جیهان پیرۆزترە.

ڕۆژنامە: هەڵبژاردنی سێیەم لە کوردستاندا (٢٠٠٩) جەنگی سێیەم دەخاتە پێش هەڵبژاردن یان دوای هەڵبژاردن؟ یان ئەم جەنگە ڕووناداتو کوردەکان فێری ئەوەبوون بەیەکەوە بژین‌و ڕێز لە جیاوازییەکانیان بگرن؟

* بە داخەوە هەموو ئەو داتایانەی کە ئێمە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن‌و لەسەر چۆنێتی مامەڵەی ئەکتەرە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتریدا پێماندەگەن‌و کۆیان دەکەینەوەو ڕاڤەیان دەکەین، زیاتر دەمانبەنەوە سەر بۆنی ترسناکی زبروزەنگ. ئایا ئەم زەبروزەنگە خۆی لە ڕشتنی خوێندا مانیفێستەکات یاخود لەئاستی سامبۆلیکدا دەمێنێتەوە؟ ئەوە دەبێت چاوەڕێی ڕووتی ڕووداوەکـان بین.

ڕۆژنامە: پێتانوایە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزی (٢٠٠٩) گۆڕانکاریی مەدەنیانەی لێبکەوێتەوە؟

* ئـەو چـرکـەیـەی کـە هێزێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا

> **گرفتی ئەم حیزب‌و گروپ‌و هێزە سیاسییانە، لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی ڕاست، لەوەدایە کە نە خۆیان دەتوانن بیربکەنەوەو زانست لەسەر ئەزموونەکەیان بەرهەمبهێنن، نە بانگهێشتی کۆمەڵێک زانای بێلایەن‌و ئەکادیمی دەکەن کە ئەم کارەیان بۆ بکات**

سەربەخۆیی لەدەستدەدەن، یان پەرلەمان ئەکتیف دەکەن؟

نزیکەی ١٢ ڕۆژنامەنووس دەبنە کاندیدی پەرلەمانی کوردستان

عەبدوڵڵا ڕێشاوی

ژمـارەیـەک ڕۆژنـامـەنـووس وەک کاندیدی قەوارەکان، بەشداری لە هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەممووزدا دەکەن، بەشێکیش لە هاوپێشەکانیان ئەمە بە «لەدەستدانی سەربەخۆیی» دەزانن، بەشێکی دیکەش ڕای پێچەوانەیان هەیەو پێیانوایە «ئەم هەنگاوە لە ئەکتیڤکردنی پەرلەماندا ڕۆڵـی هـەیـە»، بـەڵام ئـەوانـەی پێشوو دەڵێن: «هەندێک لەو ڕۆژنامەنووسانە چانسی چوونە پەرلەمانیان نییەو تەنیا بۆ لیستپڕکردنەوە بەکارهێنراون».

چاودێرانیش ئاماژەدەکەن «بەهۆی سیستمی هەڵبژاردنەکەوە ڕێژەی کەمتری ڕۆژنامەنووسان توانیویانە ببنە کاندیدی هەڵبژاردنەکان».

بەپێی ئەو ڕومالّەی ڕۆژنامە بۆ کاندیدی لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانی کـوردسـتـانـدا کـردوویـەتـی، ڕێـژەی ڕۆژنامەنووسانی کاندید لە لیستەکاندا خۆی دەدات لە (١٢) کەس.

هەرچەندە ئەمە بۆ یەکەمینجارە ڕۆژنامەنووسان وەک کاندید بەشداری هەڵبژاردنێکی کوردستان دەبـن، بەڵام ڕێـژەیـان لـەچـاو ڕۆژنامەنووسانی کاندید بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئێجگار کەمەو ئەمەش بەپێی لێکدانەوەی چاودێران بۆ سیستمی هەڵبژاردنەکە دەگەڕێتەوە کە (سیستمی داخراوە).

بەپێچەوانەی داواکـاریی‌و خواستی ڕۆژنـامـەنـووسـان‌و ڕۆشـنـبـیـران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنین، سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٥)ی تەممووزدا بە لیستی داخراو بەڕێوەدەچێت، ئەمەش چانسی خەڵکی سەربەخۆی بۆ خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکەدا کەمکردووەتەوە.

ئاریان محەمەد خدر، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئالای ئازادی، زمانحاڵی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (بالی قادر عەزیز)و کاندیدی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی، پێیوایە «چوونی کەسی ڕۆژنامەنووس بۆ پەرلەمان هەنگاوێکی گرنگە» ناوبراو کەلە ڕیزبەندی لیستەکەیدا ژمـارە سیە، هاوڕایە لەگەڵ ئـەوەدا کە ڕێـژەی ڕۆژنامەنووسانی کاندید لە لیستەکاندا کەمە.

ئاریان خدر دەڵێت: «هۆکاری ئەوەی ڕێژەی ڕۆژنامەنووس لە لیستەکاندا کەمە ئەوەیە کە لیستەکانی هەڵبژاردن جگە لە گۆڕان هەموانیان لەلایەن حیزبەکانەوە سـەرپـەرشـتـی دەکـرێـن، لـەڕیـزی حیزبەکانیشدا زیاتر خەڵکی حیزبیی لە لیستەکانی هەڵبژاردندا بەشداردەکرێن، نەک خەڵکی ڕۆژنامەنووس».

ئاریان ڕوونیکردەوە «کاندیدی هەموو قەوارەکان زۆربەیان دەستی نووسینیان هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووسن وەک پیشە»، پێشیوایە یەکێک لە کەلێنەکانی پەرلەمانی پێشوو ئەوەبووە کە «ڕۆژنامەنووسی تیا نەبووە».

لـەو (١٢) ڕۆژنامەنووسە کاندیدە سیانیان بەر لیستی گـۆڕان دەکـەون‌و یەکێکی دیکە لـەو ڕۆژنامەنووسانە عەدنان عوسمانە، ئەو ماوەی زیاتر لە (١٣) ساڵە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات‌و بۆماوەیەکیش سەرنووسەری هاوڵاتی بووەو ئێستاش سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەیەو کاندیدی ژمارە (١٥)ی لیستی گۆڕانە.

عەدنان دەڵێت: «چوونی ڕۆژنامەنووس بۆ پەرلەمان هەنگاوێکی پۆزەتیڤە، چونکە ڕۆژنامەنووسانی ئێمە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە توانیویانە پردێکی پەیوەندی بن لەنێوان حکومەت‌و جەماوەردا، هەروەها چاودێریی کاروبارەکانی داموددەزگاکانی حکومەتیان کـردووەو ئـەوان پەردەیان لەسەر زۆرێک لە گەندەڵییەکان هەڵماڵیوە».

بۆیە عەدنان پێیوایە «بەچوونیان بۆ پەرلەمان دەتوانن ئەو چاودێرییە پتەوتر بکەن، هەروەک دەتوانن پاڵپشتێکی باشیش بن بۆ هاوپێشەکانیان‌و پشتگیریکردنی میدیای ڕاستەقینەو بواڕە جیاوازەکانی فەرهەنگو ڕۆشنبیریی».

> **«حیزب چۆن کەسێک وەک ئەندام لقو مەڵبەند دیاریدەکات، هەرئاواش کەسێک دەکاتە پەرلەمانتار، لەبەرئەوە حەیفە بەم کەسانە بوترێت پەرلەمانتار، پەرلەمانتار دەبێت بە هەمووشێوەیەک بڕیارەکانی لە دەست خۆیدابن»**

ئەگەرچی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان پاڵپشتی چـوونـی ڕۆژنامەنوسان بۆ پەرلەمان‌و پێیانوایە «دەتوانێت لە کاراکردنی پەرلەماندا ڕۆڵی هەبێت»، بەڵام بەشێکی دیکە لە ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لەو هاوپێشانەیان دەگـرن کە لە لیستە جیاوازەکاندا بوونەتە کاندیدو پێیانوایە «سەربەخۆیی خۆیان وەک ڕۆژنامەنووس دەدۆڕێنن‌و لە پەرلەماندا، دەبنەوە بە حیزبی»، بەڵام سەرنووسەرەکەی ئاڵای ئازادیی پێیوایە، سەربەخۆیی پەرلەمانتار بەندە بەخۆیەوە جا ئەگەر ڕۆژنامەنووس بێت یان هەرکەسێکی دیکە»، پەرلەمانتار سـەربـەخـۆبـوونـی بـەنـدە بەکەسێتی خۆیەوە».

عەدنان عوسمانیش پێیوایە، شێوازی کاری لیستەکە ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر سەربەخۆبوونی پەرلەمانتارەکان، ئەو دەڵێت: «پەرلەمانتارانی ئێستا هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک کادیری حیزبی گوێڕایەڵ لە پەرلەماندا بڕیارو ئامۆژگارییەکانی حیزب جێبەجێدەکەن».

ئەو زیاتر ڕوونیدەکاتەوە «حیزب چۆن کەسێک وەک ئەندام لقو مەڵبەند دیاریدەکات، هەرئاواش کەسێک دەکاتە پەرلەمانتار، لەبەرئەوە حەیفە بەم کەسانە بوترێت پەرلەمانتار، پەرلەمانتار دەبێت بە هەمووشێوەیەک بڕیارەکانی لە دەست خۆیدابن».

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە دەڵێت: «ئـەوان بـەرلـەوەی بچنە پەرلەمان سەربەخۆ نەبوون»، ئەو ڕۆژنامەنووسە مەبەستی ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکانەو باوەڕی بە سەربەخۆبوونی ئەمجۆرە لە ڕۆژنامەنووس نییە.

بـە بـۆچـوونـی هـێـمـن لهۆنی ڕۆژنـامـەنـووس‌و قـوتـابـی زانـکـۆی ئەمریکی «کـاری ڕۆژنـامـەنـووس لە دەرەوەی پەرلەمانە نەک ناو پەرلەمان»، هەروەک دەڵێت: «کاری ڕۆژنامەنووس چاودێریکردنی پەرلەمانە لە دەرەوە، نەک ئیشتیاکردنی لە ناوەوە».

ڕۆژنـامـەنـوس بـەرهـەم عومەریش زۆر دڵـی بـەم هەنگاوە خـۆش نییەو دەڵێت: «تائێستا تاکە کایەیەک جۆرێک لە سەربەخۆبوونی تێدابووبێت ڕۆژنامەگەری بووە، بۆیە لەوانەیە ئەم نەریتە لێدانێک بێت لەو سەربەخۆییەی کە خەڵک بەهۆیەوە ڕۆژنامەنووسی خۆشویستووە».

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەم هەنگاوەیان بەلاوەگرنگ‌نییە، پێیانوایە «ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان لـەبـەرئـەوە نـەکـراون بە ئەندام پەرلەمان کە ڕۆژنامەنووسن‌و کاری لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونیان بۆ کەموکوڕییەکانی حکومەت کردووە، بەڵکو لەبەرئەوە کراون بە کاندید کە چەندین ساڵە پیشەکەیان بۆ خزمەتی حیزب‌و دەسەڵات تەرخانکردووە».

سـەرچـاوەی ڕای جـیـاواز لەسەر کاندیدبوونی ڕۆژنامەنووس بۆ پەرلەمان دوو بیرکردنەوەی جیاوازە، یەکێکیان پێیوایە «پیشەی ڕۆژنامەنووسی خۆی پێگەیەکی هێندە گرنگە کە ناکرێت بە پەرلەمانتاربوونی بگۆڕینەوە»، ئەوی دیکەشیان پێیوایە «ڕۆژنامەنووسێکی پەرلەمانتار دەتوانێت بەشێوازێکی ئەکتیڤتر کاربکات‌و ئەو ئەزموونە ڕۆژنامەگەرییەی هەیەتی لەم بـوارەدا سـوودی لێببینێت، ئەمە جگە لە پاڵپشتیکردنی هاوکارەکانی لە پەرلەمانەوە»، بەڵام ئاشکرایە ئەم ڕایە بەئاسانی دەربـازی نابێت لە تۆمەتی لە دەستدانی سەربەخۆیی‌و گۆڕینەوەی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بە پەرلەمانتاری.

ژمـــارە (505) دووشەممە 2009/7/6
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

عادل باخەوان: زۆربەی زۆری ئەکتەرە سیاسییەکانی کوردســـ

سازدانی ئەلەند مەحوی

عادل باخەوان، نووسەر و سۆسیۆلۆگی کـورد پێیوایە: «گرفتی ئەکتەرە سیاسییەکان لە کوردستاندا لەوەدایە کە بەبێ زانست سیاسەت دەکـەن و ئەمەش وایلێکردوون تێنەگەن لەوەی کە بۆچی هەردوو هەڵبژاردنەکانی رابـــردوو لە کوردستاندا بـــوون بە هـۆکـاری خوێنڕشتنی کـوردەکـان لەنێوان خۆیاندا.

ئەو نووسەرە لەم دیدارەی رۆژنامەدا باس لەوە دەکات، کە ئەوەندەی لە کوردستاندا هەڵبژاردن گرنگە، نیو ئەوەندە خودی دیموکراسی گرنگ نییە. بە پێچەوانەوە زۆربەی زۆری ئەکتەرە سیاسییەکانی کوردستان، هەموو دیموکراسی لە هەڵبژاردندا کورتدەکەنەوە.

رۆژنامە: پرۆسێسی گۆڕان چییە و چ جۆرە پەیوەندییەکی بە چەمکی دیموکراسییەوە هەیە و چۆن پێکەوە کاردەکەن؟

* لە یەکێک لە بابەتەکانمدا باسی ئەوەم کردبوو کە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک کوردستان پڕبووە لە گوتاری گـۆڕان و گوتار لەسەر گـۆڕان. هەموو لایەک هەر لە حیزبەوە بیگرە تا دەگاتە لیستو رۆژنامەنووس و وردە رۆشنبیرو مامۆستای زانـکـۆ خـوێـنـدکـاران و تەنانەت مندالانی سـەرجـادەش باس لە گـۆڕان دەکـەن، گـۆڕانی کۆمەڵگاو سـوپـەر سـتـراکـتـۆرەکـانـی، گـۆڕانی کۆمەڵگاو ئانفراستراکۆتۆرەکانی، هتد، بەڵام بەڕاستی ئایا ئەم حیزب و لیستو ئەکتەرانە لە پرۆسێسی گـۆڕان تێگەیشتوون؟ ئایا دەزانن گـۆڕان لە کوێوە دەستپێدەکاتو چۆن کاردەکات؟ یاخود بە تەنیا وەک گوتارێکی ئایدۆلۆژی و بۆ جەنگێکی تایبەتی سیاسی بەکاریدەهێنن؟ ئایا بەڕاستی هێزو ئەکتەری جددی گـۆڕان لە کوردستاندا هەیە؟ تا چەندێک دیموکراسی، وەک ئیدیالێکی بـاڵا، هەلومەرجی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی

ئـــەکـــتـــەرە کـوردیـیـەکـان، بە چـــەپ و راســتـــەوە بـــە ئـیـســلامـــی و عـەلـمـانـیـەوە، بە تـرادیـسـیـۆنـێـل و پێشکەوتنپەرستەوە، دەبـێـت تێگەن لـــەوەی کە ئیدال بۆشاییدا کارناکات



عادل باخەوان

تاک بە کۆمەڵگاوە. گەر دیموکراسی لە کوردستاندا نەتوانێت دەستکاری ئەم پەیوەندیانە بکاتو جێگۆڕکێیان پێبکاتو سەر لەنوێ بەشێوەیەکی تەندروست دایانبمەزرێنێتەوە، ئیتر هەر قسەکردن و بانگەشەکردنێک بۆ ڕەگەزەکانی دیکە بەهایەکی گـەورەی نابێت، لە کتێبی «کۆمەڵگای تاکەکاندا»، نۆربێرت ئیلیاس، گەورە سۆسیۆلۆگ ئاماژە بەوە دەکات کە لە چرکەساتی گەشەکردنی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا مرۆڤەکان مافی ئەوەیان دەبێت کە خۆیان لە یەکتری جیابکەنەوە، واتە تاکێک دەتوانێت بڵێت من لەوی دیکە ناچم و من جیاوازم، لێرەوە شوناسی «مـن» لە بەرامبەر شوناسی «ئێمە»دا لەدایکدەبێت یەکەم گرفتی دیموکراسی لە کوردستاندا ئەوەیە کە تائێستاش تاک ناتوانێت باس لە شوناسی خۆی وەک کەسێکی ئۆتۆنۆمو سەربەخۆ بکات، ئەو هەمیشە کۆڕی خێزانێک، عەشرەتێک، ڕێکخراوێک، گروپێک، حیزبێکەو لە دەرەوەی گردبوونەوە هۆلیستەکانو ماکرۆ ستراکتۆرەکان بوونی نییە، ناتوانێت مانا بە ژیانی خۆی بدات.

رۆژنامە: ئایا لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا چەمکی گۆڕانو دیموکراسی لە کوردستاندا کاریان کردووە؟

*گرفتی سەرەکی هەموو ئەو هێزانەی کە لە پانتاییەکی وەک لە کوردستاندا باس لە پرۆسێسی گـۆڕان دەکەن، ئەوەیە کە لە ئاست خـودی ئیشکالیەتی گـۆڕاندا ئـیفلیجو دەستەوسانو بێبەرنامەن، هەر ئەمەشە کەوامان لێدەکات، وەک زانستی بابەتیو بێلایەن، گومانبکەین لە ئاستی تێگەیشتنو جیهانبینیو دیموکراتیبوونی کـۆی ئـەو ئەکتەرانەی کە گـۆڕانیان کردووە بە دروشمی خۆیان. لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەست لە لیستێکو کەسایەتییەکـو حیزبێکی دیاریکراوو گروپێک نییە، چونکە لە ئێستادا کێ هەیە باسی گـۆڕان نەکات؟ کێ هەیە گـۆڕانی نەکردبێت بە دروشمی خۆی؟ هەر لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بیگرە تا دەگاتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حیزبی سۆسیالیستو لیستی گـۆڕانو کۆمۆنیستەکانو ئیسلامیستەکانو تەنانەت هێزە ترادیسیۆنپەرستەکانیش باس لە گـۆڕان دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا بە سنووری قسەکردنی هەموو ئەم هێزانە لەسەر گـۆڕان، خۆشیان دوور دەخەنەوە لەو پرانسیپەی کە لێیەوە گـۆڕان نەک هەر دەستپێدەکات، بەڵکو دەشگاتە لوتکە لە هەموو ئەو کۆمەڵگانەدا کە بڕیارە بڕۆنە نێو مێژووی مۆدێرنیتیو دیموکراسییەوە، پرۆسێسی گـۆڕان ڕاستەوخۆ یەکساندەبێت بە دروستکردنی هەلومەرجێک کە تێیدا مـرۆڤ وەک تاک خۆی بیناەدەکات، دەبێت بە تاکێکی ئـازادو خـاوەن خـواستو ئۆتۆنۆمو سەربەخۆو سـەروەرو بەرپرسیار، من تەنیا ئەو حیزبە ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئەو ڕۆشنبیرە یاخود ئەو ڕۆژنامەنووسە بە ئەکتەری خـاوەن پرۆژەی گـۆڕانکاریی دەزانم کە هەموو تواناکانی مۆبیلیزەدەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤی کـوردی لە کائینێکی هۆلیستی بێ خواستو بێ ماناو بێ بەرنامەو بێ مافەوە خۆی وەربگێڕێتە سەرتاکێکی دیموکراتیکی خاوەن خواستو ئۆتۆنۆمو بەرنامەدارو بیرکەرەوە. بە داخەوە هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە ئێستا لە کوردستاندا باسی چەمکی گـۆڕانو دیموکراسی دەکەن، هەموو گوتارو پراکتیکەکانیان بە ئاراستەی دەوڵەمەندکردنی ئەو ماکرۆ ستراکتۆرانەیە کە تـاک وەک کەرەسەیەکی دەستەمۆکراوو ئاژەڵێکی ماڵیکراو تەماشادەکەن!

لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دووجار گەرامەوە کوردستانو هەر لە هەولێرەوە تا هەڵەبجە گـەڕام، لە نزیکەوە تێبینی ئەوەمکرد کە تائێستاش لە کوردستاندا حیزبێکی سیاسیمان نییە، هێزێکی کۆمەڵایەتیمان نییە، تەنانەت دەزگایەکی ڕاگەیاندنمان نییە کە دیموکراسی، وەک پرۆسێسی دروستکردنی هەلومەرجێکی بابەتیانە کە تێییدا مرۆڤی کوردی بتوانێت خۆی وەک تاکی ئۆتۆنۆمو سەروەرو

دەرچوون لە میتافیزیکا

چۆن گۆڕان تیوریزە بکەین؟



مەریوان وریا قانیع

لەسەروبەندی ئەو هەلومەرجە تازەیەی لە کوردستاندا هاتوەتەکایەوە، مەیل و ویستی گۆڕان نەک تەنیا خەریکە دەبێتە بزوتنەوەیەکی سیاسیی و جەماوەریی گەورەو خاوەن قورسایی، بەڵکو گۆڕان وەک چەمک و وەک بابەتێکی فیکریش بوەتە شوێنی باسکردن و خوێندەوەو ڕاڤەکردنێکی بەرچاو. وەکچۆن کۆمەڵگای ئێمە لەدۆخی شکڵبەخشیندایە بە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی کە لە مەیل و خەونی گۆڕانەوە دەستپێدەکات، ئاواش لەناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا قسەوباسێکی زۆر لەسەر چەمکی گۆڕان هاتوەتەکایەوە

(١)

سەرەتا

لەسەروبەندی ئەو هەلومەرجە تازەیەی لە کوردستاندا هاتوەتەکایەوە، مەیل و ویستی گۆڕان نەک تەنیا خەریکە دەبێتە بزوتنەوەیەکی سیاسیی و جەماوەریی گەورەو خاوەن قورسایی، بەڵکو گۆڕان وەک چەمک و وەک بابەتێکی فیکریش بوەتە شوێنی باسکردن و خوێندەوەو ڕاڤەکردنێکی بەرچاو. وەکچۆن کۆمەڵگای ئێمە لەدۆخی شکڵبەخشیندایە بە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی گەورەو خاوەن قورسایی، بەڵکو قوڵبوونەوەیەکی سیاسیی و جەماوەریی گەورە لە ئارادایە. ئەم قوڵبوونەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوو ئاستدا ڕوودەدات: ئاستی یەکەم، ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان گۆڕان و دەسەڵاتی سیاسی و ئاستی دووەم، ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان گۆڕان و دەسەڵاتی سیاسی. ئەم ناڕاستەوخۆییەش لە دوو ئاستی جیاوازدا ڕوودەدات: ئاستی یەکەم، ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان گۆڕان و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە و ئاستی دووەم، ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان گۆڕان و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی ڕۆشنبیرانەوە.

ئەم وتارە هەوڵدەدات ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان گۆڕان و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی ڕۆشنبیرانەوە شی بکاتەوە. ئەم وتارە هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە چۆن و بە چ شێوازێک ڕوودەدات و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەنجامیاندا کێن و چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا. ئەم وتارە هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە چ ئاستێکی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان گۆڕان و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی ڕۆشنبیرانەوە دەگرێتەخۆ و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەنجامیاندا کێن و چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا. ئەم وتارە هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە چۆن و بە چ شێوازێک ڕوودەدات

خامۆش عومەر عەبدوڵڵا، خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای دەستووریی:

لە پرۆژەی دەستووری هەرێم دەسەڵاتەکانی سەرۆک زۆرەو پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانییە

سازدانی، سۆران پاڵانی

خامۆش عومەر عەبدوڵڵا خوێندکاری دکتۆرا لە بواری یاسای دەستووریی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە ئەو جۆرە دەسەڵاتانەی کە بە سەرۆکی هەرێم دراوە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا زۆرن و بە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانیە، کە دەبێت سەرۆک دەسەڵاتەکانی ڕەمزی بن

ڕۆژنامە: تا چەند سیستمی حوکم لە پرۆژەیاسای دەستووری هەرێمی کوردستان گونجاوە؟ لە کاتێکدا کە سیستمێکی پەرلەمانیە؟ بەڵام لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمدا زیاتر لە سیستمێکی سەرۆکایەتی دەچێت؟

* لە دەقی مادەی (١)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووە. «هەرێمی کوردستان هەرێمێکی یەکێتییە، سیستمە سیاسییەکەی پەرلەمانی کۆماریو دیموکراتییە»، سیستمی پەرلەمانی بە بەراورد لەگەڵ سیستمی سەرۆکایەتیو سیستمی حکومەتی کۆمەڵ باشترە بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن کلتوورێکی درێژ نین لە پەیرەوکردنی بنەماکانی دیموکراتی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دوو سیستمەکەی دیکە دیموکراتی نین، بۆ نموونە سیستمی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا پەیرەو دەکرێت، ئەمریکا یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە دیارەکانی بواری پەیرەوکردنی بنەماکامی دیموکراتی، بەڵام کاتێک چەند وڵاتێکی ئەمریکای لاتینی ئەو سیستمەیان وەرگـرت، ئـەوا بەرەو سیستمێکی دیکتاتۆری ڕۆشتن، بەهەمانشێوە سیستمی حکومەتی بە کۆمەڵ کە لەئێستادا سویسرا پەیرەوی دەکات، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان سیستمی پەرلەمانی گونجاوترە، دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت کە هەرێمی کوردستان پابەندە ئەو سیستمە وەربگرێت، چونکە دەستووری کۆماری عێراقی فیدرالڕ (٢٠٠٥) ئەو سیستمەی وەرگرتووە، بۆیە نابێت هەرێمی کوردستان دەستوورێک هەڵبژێرێت ناکۆک بێت لەگەڵ سیستمی حکومەتی ناوەندی، سیستمی پەرلەمانیش بۆ خۆی کۆمەڵێک خەسڵەتی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوانەیە، واتە لە سەرۆکی دەوڵەت «سەرۆک کۆمار یاخود پاشا»و حکومەت پێکدێت، سەرۆکی دەوڵەتیش دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو زیاتر دەسەڵاتەکانی ڕەمزییە، هەر بۆیە لەڕووی سیاسییەوە بەرپرسیار نییە، تەنیا لە ڕووی تاوانکاریەوە بەرپرسیارە ئەگەر سیستمەکە کۆماری بـوو، بـەڵام ئەگەر شێوەی حکومەتەکە پادشایی بوو، ئەوا لە هەردوو بواردا بەرپرسیار نییە.

خەسڵەتی دووەمی سیستمی پەرلەمانی ئـەوەیـە کە خـۆی لە هاوسەنگی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن دەنوێنێت لەگەڵ بوونی هاوکاری، چونکە پرەنسیپی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی پەرلەمانیدا نەرمەو چاودێریکردن بە سەریەکەوە واتە هەردوو دەسەڵات لە یەک ئاستدا دەبن، نەک دەسەڵاتێکیان بەسەر دەسەڵاتەکەی دیکەدا زاڵبێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پـرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆرە کە ئەمەش پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانیە، چونکە هەر وەک باسمانکرد لە سیستمی پەرلەمانی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کەمەو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت زۆرە، بۆیە حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر پەرلەمان نەک سەرۆک.

ڕۆژنامە: گرنگی بوونی فەلسەفەی دەستوور لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگادا چییە؟

* بوونی دەستوور لە کۆمەڵگادا دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران سنووری دەسەڵاتەکانیان بزانن و تاکەکانی کۆمەڵگاش بە مافـو ئەرکەکانی خۆیان بزانن، کەواتە دەستوور کە لە لوتکەی پایەی یاساکانەوە دێت بە هۆی ئەو ناوەرۆکو شێوەیەی کە هەیەتی.

ڕۆژنامە: جیاوازی نێوان دەستووری نووسراوەکان و عورفیەکان چییە؟

* مەبەست لە دەستووری نووسراو ئەو دەستوورەیە حوکمەکانی لە شێوەی دەقـی دەسـتـووری دەردەچـێـت، جا ئـەو حوکمانە هـەمـووی لەیەک یاسادا کۆکرابێتەوە یان خود لە چەند یاسایەکی جیاوان، هەرچی دەستووری نەنووسراوە یان عورفی ئەو دەستوورەیە حوکمەکانی لە ڕێگای یاسای نووسراو وەرنەگیراوە، بنەماکانیش یاسادانەڕی دەستووریی بڕیاری لەسەر نەداوە، لەیەک بەڵگەنامەیەک یان چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمی نووسراو دانەنراوە، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە دەستوورە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاچەند حوکمەکانی نووسراونەتەوە، یان نا، ئەگەر زۆربـەی حوکمەکان هەموو نووسرابوو ئـەوا دەستوورەکە نـووسـراوەتـەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر زۆربەی حوکمەکانی نەنووسراوبوو، ئەوا بە دەستوورێکی عورفی دادەنرێت.

تێبینیش دەکرێت دابەشکردنی دەستوور لە ڕووی نووسینەوە بۆ دەسـتـووری نـووسـراوو نەنووسراو دابەشکردنێکی ڕێژەییەو ڕەها نییە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەموو دەستوورێک حوکمی نووسراوو نەنووسراو لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەک شانبەشانی هەموو دەستوورێکی نووسراو کۆمەڵێک عورفی دەسـتـووریـی هەیە، بە پێچەوانەشەوە شانبەشانی هەموو دەستوورێکی نەنووسراو کۆمەڵێک بنەمای دەستووریی نووسراو هەیە.

بۆ نموونە بەریتانیا کە دەستوورەکەی عورفیە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دەسـتـووری نـووسـراو لە خۆدەگرێت، ئەو بەڵگەنامە نووسراوانەش لەو وڵاتە گرنگیو تایبەتی خۆیان هەیە لـەڕووی دەستوورییەوە، نموونەی ئەو بەڵگەنامانە، بەڵگەنامەی مەگنەکارتا سـاڵـی(١٢١٥)و یاسای مافەکان (١٦٨٩)، یاسای میراتگریو تەختی پادشایەتی ساڵی(١٧٠١)و ژمارەیەکی دیکە.

دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەندێکجار عورفی دەستوور هەڵدەستێت بە پرکردنەوەی کەموکوڕیی دەقە دەستوورییە نووسراوەکان، یاخود لەوانەیە بە شیکردنەوەی دەقە دەستوورییەکان هەستێت.

ڕۆژنامە: بۆ وڵاتێکی وەک بەریتانیا دەستوورەکەی عورفیەو وڵاتێکی وا بەهێزو پێشکەوتووە لە دنیادا؟

*لە ڕاستیدا زۆرێک لە شارەزایانی بواری یاساو دەستوور پێیانوایە هەڵەیە دەستووری بەریتانی بە دەستووری عورفی ناوبەرین، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت ئەگەر مەبەستمان لە زاراوەی عورفی دەستووری ئەوەبێت کە دەستوور لە یەک بەڵگەنامەی دەستووری کۆنەکرابێتەوە، لە سەرەتاش هەندێک لە بۆچوونەکان پێیانوابوو دەستووری نووسراو بالاترە لە دەستووری عورفی، بەڵام ئەو بۆچوونە ڕاست نەبوو، بەڵگەی ئەوەش دەستووری بەریتانیا بوو، چونکە دەستوور بەستراوەتەوە بە سوورببوونی هاوڵاتیان لەسەرێو پەیوەندیان پێوەی.

لەوانەیە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی بەریتانیا لەوەدابێت کە لە بواڕە جیاجیاکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی سەقامگیرەو کلتووری گەلەکەشی وا ڕاهاتووە کە هەستیان بەو ئاراستەیە بێت ڕێز لە بنەما دەستوورییە عورفییەکان بگرن، کەواتە پێگەی دەستوور لەوەدایە تا چەند لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی گونجاوە، تا چەندیش گەل قبوڵی دەکاتو پێوەی پابەند دەبێت.

ڕۆژنامە: ئایا بوونی دەستوور یەکەم هەنگاوە لەهەر وڵاتێکدا بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بەرەو بە یاساییکردنی دامودەزگاکان بچێت؟

* بوونی دەستوور واتە دانانی بنەمای مومارەسەکردنی دەسـەڵاتو دیاریکردنی مافـو ئەرکی هاوڵاتیان بوونی دەستووریش گەرەنتی ملکەچکردنی دەوڵەت دەگەیەنێت بۆ یاسا، چونکە دەستوور هەڵدەستێت بە هێنانەکایەی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەت، بۆیە دەستوور دەبێتە کۆتکردنو دیاریکردنی سنووری تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتەکانی هەر یەک لە دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریـی، تەنانەت کە باس لە دەوڵەتی یاسا دەکرێت بوونی دەستوور لە ڕیزی پێشەوەی فاکتەرەکانی دەوڵەتی یاساوە دێت، بەڵام بوونی دەستوور بە تەنیا بەس نییە بۆ هێنانەدی دەوڵەتی یاسا، بەڵکو پێویستە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیش لە کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ملکەچی یاسا بن، جگە لەمەش دەبێت دان بە مافـو ئازادییەکانی تاکدا بنرێت، لە کۆتایشدا دەبێت چاودێریەکی دادوەریی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە گەرەنتیەک بۆ هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە مافـو ئازادیەکانیان بکەن.

ڕۆژنامە: جیاوازی دەستووری وڵاتە فیدرالییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە فیدرالی نین چین؟ ئایا پێتوانیە دەستووری وڵاتە فیدرالییەکان ئاڵۆزترن؟

*دەستووری وڵاتە فیدرالییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیای دەکاتەوە لە دەستووری وڵاتە سادەکان، یەکەمیان بوونی دەستوورێکی نووسراوە، لە سیستمی فیدرالی دەبێت دەستوورەکە نووسراوبێت، چونکە فیدرالی لەسەر بنەمای دەستوور دێتەکایەوە ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە تایبەتمەندییەکان لەنێوان ناوەندو هەرێمەکان دابەشدەکرێت، ئەوەش پێویست بەوە دەکات تایبەتمەندییەکان بەڕوونی دیاربێت.

دەبـێـت ئـەو دەسـتـوورە سیفەتی بەرزی(بالا)ی هەبێت، چونکە لە دەوڵەتی فـیـدرالـی هـەمـوو هەرێمەکان خاوەنی دەستووری تایبەت بە خۆیانن، بەڵام دەبێت دەستووری هەرێمەکان بە هیچ جۆرێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستووری دەوڵەت بەگشتیی.

هەرچی پەیوەستە بە دابەشکردنی تایبەتمەندییەکان، ئەوا لە ڕێگای دەستووری یەکێتی دیاریدەکرێت، ئـەوەش بە چەند ڕێگایەک دەبێت، ڕێگای یەکەم ئەوەیە کە تایبەتمەندی یەکێتیو هەرێمەکان بەیەکەوە لە دەستووری یەکێتی دیاریدەکرێت، ڕێگای دووەم ئەوەیە کە تایبەتمەندی مەرکەز دیاریبکرێت ئـەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە تایبەتمەندی هەرێمەکان دەبێت، ڕێگای سێیەم پێچەوانەی ڕێگای دووەمە واتە تایبەتمەندی هەرێمەکان دیاریبکرێت ئـەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتمەندی مەرکەز، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەستوورە ئەوەیە دەسەڵاتی یاسادانان تێیدا دوانەیە، واتە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، ئەنجومەنێک لەسەر بنەمای ژمـارەی دانیشتووان دیاریدەکرێت، ئەنجومەنەکەی دیکە بەشێوەیەکی یەکسان هەرێمەکان نوێنەریان تێیدا دەبێت، جگە لەوانەش ئەو دەستوورە ئاماژە بۆ بوونی دادگـای باڵا (دادگای دەستووری) دەکات، چونکە بوونی ئەو دادگایە لە دەوڵەتی فیدرالیی یەکێکە لە دەزگا پێویستەکان بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو ململانێیانەی کە لەنێوان هەرێمەکانو یاخود لەنێوان هەرێمەکانو مەرکەز دروستدەبێت.

ڕۆژنـامـە: لـە دەسـتـووری وڵاتـان «زۆربـەیـان»دابـەش دەبـن بـۆ ئەو دەستوورانەی کە تەئکید لە سەر هاوبەشی دەکـەن هەندێکیش لە دەستووڕەکان تەئکید لەلایەنی لیبرالی دەکەنەوە؟ ئایا جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرە چینو بە ڕای تۆ کامیان باشترە؟

* فیقهی کلاسیکی هەڵدەستێت بە بەستنەوەی دەستوورو سیستمی دیموکراتی ئـازاد، چونکە بە گوێرەی ئەو بۆ چوونە پێویستە دەسـتـوور کـار بۆ بونیادنانی سیستمێکی ئازاد بکات، بونیادنرا بێت لەسەر بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو پرەنسیپی سەروەری گەلو مافی مرۆڤ، ئەو بۆچوونەش پێیوایە ئازادیی بنچینەی یاسای دەستوورییە، ئەوەش بە بیرۆکەی فەلسەفیو ڕووداوی مێژووی بەستراوەتەوە کە وەک پەرچە کردارێک لە بەرامبەر دەسەڵاتی ڕەها سەریهەڵدا کە پێش شۆڕشی فەرەنسی باوبوو.

ئـەو فیقهەش پشتی بە دەسـتـووری ئەمریکی ساڵی (١٧٨٧) بەستبوو، ئەو دەسـتـوورەش بنچینەی ڕێچەکەی تاکیو بیرۆکەی حکومەتی کۆتکراوی دارشت، ئەوە لەلایەک لە لایەکی دیکەش پشتی بە جارنامەی مافی مرۆڤـو هاوڵاتی فەرەنسی (١٧٨٩) بەستبوو کە لەلایەن شۆڕشی فەرەنسیەوە دەرکرابوو. ئەو دەستوورانەش لەسەر ئەو بنەمایانەی سـەرەوە داڕێـژراون گرنگیو بایەخێکی زۆر بەلایەنی مافـو ئازادییەکانی تاک دەدەن، بۆیە بەشێکی زۆری دەقەکانی دەستوور بۆ باسکردنی مافـو ئازادییەکان تەرخانەدەکەن، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) لە ڕوسیا کۆمەڵێکی دیکە لە دەوڵەتی سۆسیالیستی هاتنەکایەوە کە دەستووڕەکانیان ئامانجی هێنانەدی یەکسانی ئابووریو کۆمەڵایەتی بوو لە نێوان تاکەکان، ئەو دەستوورانەش مۆرکی دەسەڵات بەسەر ئازادیی تێیدا زاڵبوو سەرەڕای ئەوەش دانیان بە سەروەریو دەسەڵاتی میللیدا دەنا .

بۆچوونی هاوچەرخ پێیوایە مافـو ئازادییە گشتیەکان مانای هێنانەدی دادپەروەریو یەکسانیو دانپێدانان بە ئازادییەکانی مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەو مافـو ئازادیانەش لە دەستوورو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دانیان پێدانراوە.

من لەگەڵ ئـەوەدام دەبێت دەستوور گرنگیو بایەخێکی زۆر بە مافـو ئازادییەکان بدات، بەڵام ئەوە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت میکانیزمی تەواویش داببڕێژێت بۆ مومارەسەکردنی ئەو مافـو ئازادیانە.

دەبێت دەستووری هەرێمەکان بە هیچ جۆرێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستووری دەوڵەت بەگشتیی

گۆڕان تەنیا پراکتیکی رۆژانەی ئینسان ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی چوارچێوە گەورەکانی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیش دەگرێتەوە. گۆڕان لە شێوازو میکانیزم و تەکنیکەکانی دەسەڵاتدا دێنەکایەوە، گۆڕان لە پەیوەندییەکانی هێزو پەیوەندییەکی ماناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دروستدەبن، دروستکراوە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەتی و ڕەمزییەکان دەگـــۆڕێـــن. دەســکـــاری ماناو زمـــان و وێنەکان دەکرێت، پێناسەکان سەرلەنوێ پێناسەکرێنەوە و بەهاکان سەرلەنوێ دادەڕێژنەوە پارادایمەکانی بیرکردنەوە و دەربـــڕیـــن دەگـــۆڕێـــن و سەرلەنوێ دادەڕێژنەوە

بارەدەکات، کە دەشێت سەرجەم پرۆسەی گـــۆڕان لـەبـاربـبـات. جـیـاکـردنـەوەی ئاست و مەوداکانی گـۆڕان یەکێکە لە دەسپێکە هەرە گرنگەکانی گۆڕان خۆی. تێکەڵکردنی ئاستە جیاوازەکانی گۆڕان بەیەکدی هەم وادەکات نەتوانین ئەوەی لە واقیعدا گـــۆڕاوەو دەگۆڕێت ببینین، هەم پرۆسەی گۆڕانکاری بەڕادەیەکی ترسناکو زەحمەتبکەین کە ئەنجامدانی لە مەحاڵ بچێت. هەموو سۆسیۆلۆژیایەک بۆ گـــۆڕان، هەموو تیوریزەکردنێکی ڕاستەقینەی گـۆڕان، بە جیاکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی گـۆڕان لەیەکدی دەستپێدەکات. (من دواتر دەگەڕێمەوە ســەر ئــەم جـیـاکـاریـیـەو بـەدرێـژی لێیدەدوێم).

بەڵام وەک وتم پرسیاری سەرەکی ئــەوەیــە ئــەم وێـنـاکـردنــە گشتگیرو ئەبستراکتە تایبەتەی گۆڕان لەکوێوە دێـــت؟ چییە وادەکـــات گـــۆڕان وەک مەقولەیەکی ئەبستراکتو میتافیزکی نمایشبکرێت؟ بەبۆچوونی من ڕەگوڕیشە قوولّو سەرەکییەکانی ئەم وێناکردنە میتافیزیکییەی گۆڕان لەناو وێناکردنێکی هەڵەی کۆمەڵگا خۆیدایە. ئەوەی وادەکات ئەم دیدە بۆ گۆڕان سەروەربێت، بوونی تێگەیشتنو وێناکردنێکی هەڵەیە بۆ کۆمەڵگا خۆی، وێنانەکردنی کۆمەڵگایە وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی، وەک کۆی ئەو پراکتیکو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە دەزگـاو بەهاو کـلـتـوورو شتەکانی دیـکـەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستەیە. لەباتی ئەمانە بینینی کۆمەڵگایە وەک گشتێکی ئەبستراکتی بێگۆڕانو بێجیاوازیی. با ئەم خاڵە زیاتر ڕوونبکەینەوە.

کۆمەڵگا وەک شاری هەنگ

کۆمەڵگا دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە کە پراکتیکی وشیارانەو ئامانجداری دروستیدەکەن شتێک نییە مانایەکی تایبەتی بۆئەوان هەبێت، بیرکردنەوەو بەرخوردو هەڵسەنگاندنو هەڵبژاردن ڕۆڵی تێدانابێنێت. ململانێ هەبێت یان نەبێت، ڕێکەوتنو هارمۆنیەت بالادەست بێت یان نەبێت، جەنگبێت یان ئاشتی، شتەکان لای هەنگ ناگۆڕێت. لەمەش بترازێت ئــەوەی هەنگ دروستیدەکات بەشێک نییە لەدونیایەک لەخۆی گەورەتر، لە گشتێک کە ئــەو بەشێکبێت لێی و وشیاربێت پێی و ئەم بەشبوونەی خۆشی بخاتە پەیوەندییەکی تایبەتەوە لەگەڵ ئەو گشتێتیە گەورەیەدا. شاری هەنگ یەکەیەکی دابراوو بێپەیوەندییە لەگەڵ دەوروبــەریـدا، مەبەستم لە پەیوەندی لێرەدا پەیوەندی مانایە، یان پەیوەندی بەرهەمهێنانی مانایە. هەنگ توانای لێکجیاکردنەوەی واقیعو وەهمی لەیەکدی نییە، توانای دیتنی ئاستە جیاوازەکانی واقیعی نییە، توانای بەخشینی مانای تایبەتی بەو ئاستانە نییەو ناتوانێت پەیوەندییەک لەنێوانیاندا پێشنیازبکات. بەکورتی شاری هەنگ شارێکە بێجیاوازی، بێمانا، بێگۆڕان. دروستکراوێکی غەریزییە کە بیرکردنەوەو زمانو ئیرادەو نیازی ئامانجدار هیچ ڕۆڵێکی تێدا نابینێت. شتێکە هەموو هەنگەکانی دونیاو هەنگی هەموو سەردەمە مێژوویەکان بەیەک شێوەو بەیەک ریتمو بەیەک نەخشە دروستیدەکەن.

بــەڵام کۆمەڵگا ڕێـک پێچەوانەی ئەمەیە. لە کۆمەڵگادا هەموو ئەوشتانەی لەسەرەو باسمکردو لە بوونی هەنگدا ئامادەنین، لە بوونی کۆمەڵگادا ئامادەن، هەم مانا ئامادەیە، هەم جیاوازی، هەم گۆڕانو هەم هۆشیاری، هەم ئیرادە، هەم پەیوەندی و هەم بــەراوردو هەم نیازاو هەم هەستکردن بە دابەشبوونی زەمەنو هەم جیابوونەوەی وەهمو واقیع لەیەکدی. یەکەم ئەنجامگیری لــەم ڕاستییەوە بەدەستدێنین ئەوەیە ئــەو وێنانەی ئینسان لەسەر خۆی و لەسەر ژینگەو کۆمەڵگاو دونیا دروستیاندەکات وێنەی ئاڵۆزو جیاوازنو بــەردەوام لە دۆخی گـۆڕانو سەرلەنوێ دارشتنەوەدان، ئەو (شتانە)ی ئینسان دروستیاندەکات شتگەلێکن هەڵگری مانای دەلالــەتو قابیلی دەسکاریکردنو پێداچوونەوەی بــەردەوام. بەکورتی گۆڕان یەکێکە لە نەگۆڕترین کاراکتەرەکانی ئینسانو یەکێکە لە سیفەتە هەرە جێگیرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەوەی لەم ئاستەدا کۆمەڵگا وەک دروستکراوێکی ئینسانی لە شتەکانی دیکە جیادەکاتەوە توانای ئامادەگیو قابیلیەتی کۆمەڵگایە بۆ گۆڕان.

گـــۆڕان تەنیا پراکتیکی ڕۆژانــەی ئینسان ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی چوارچێوە گەورەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیش دەگرێتەوە. گۆڕان لە شێوازو میکانیزمو تەکنیکەکانی دەسەڵاتدا دێنەکایەوە، گـۆڕان لە پەیوەندییەکانی هێزو پەیوەندییەکی ماناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دروستدەبن، دروستکراوە ئینسانیو کۆمەڵایەتییەتیو ڕەمزییەکان دەگـــۆڕێـــن. دەســکــاری ماناو زمــانو وێنەکان دەکرێت، پێناسەکان سەرلەنوێ پێناسەکرێنەوەو بەهاکان سەرلەنوێ دەنــرخــێــنــدرێــنــەوەو پارادایمەکانی بیرکردنەوەو دەربـــڕیـــن دەگـــۆڕێـــن و سەرلەنوێ دادەڕێژنەوە

ئینسانەکان دروستیدەکات، گۆڕانی ئــەم پراکتیکانە گۆڕانی کۆمەڵگایان لێدەکەوێتەوە. بێگومان پەیوەندی نێوان پراکتیکی کۆمەڵایەتی دروستبوونی دەزگاو بونیادو یەکە کۆمەڵایەتییەکان لــەم هاوکێشەیە ئاڵۆزترە، بــەڵام بۆ ئاسانیو بۆ لەکورتییرینەوە لەم شێوەیەدا نیشانیدەدەین. بۆئەوەی ئەم دیدە بۆ کۆمەڵگاو پراکتیکی کۆمەڵایەتی باشتر لێکبدەمەوە، هــەوڵــدەدەم بەراوردێک بکەم لەنێوان کۆمەڵگادا وەک بەرهەمی پراکتیکی کۆمەڵایەتییانەی ئینسانو شاری هەنگ، وەک بەرهەمی تەقالای غەریزیانەی هەنگ. خوێنەر سەرنج بدات من لێرەدا (پراکتیک)و (تەقالا) لەیەکدی جیــادەکــەمــەوە. پراکتیک ڕوکارێکی کۆمەڵایەتیو وشیارانەی هەیە، لەکاتێکدا تەقالا ڕوکارێکی غەریزیو ناهۆشیار. کۆمەڵگای ئینسانی ناکرێت بە شاری هەنگ بــەراورد بکرێت. شــاری هــەنگ شارێکە سروشتییە، هەنگ بە غەریزە دروســتــیــدەکــاتــو کە دروستیشیکرد ئیدی نایگۆڕێت. هەنگ لە هەرشوێنێک بێت هەمان شار دروستدەکات، هەنگێک لە سەرەتاکانی مــێــژووداو هەنگێک لە سەدەکانی ناوەڕاستداو هەنگێک لەسەدەی بیستو یەکدا وەک یەکو بەیەکشێوە شارەکەیان دروستدەکەن. بوونو نەبوونی ئاین، گۆڕانی سیستمی بەها یان نەگۆڕانی، بونی ئابووریی نەوت یان بوونی ئابووریی گەشتوگوزار، بوون یان نەبوونی دەوڵــەت، گۆڕانو تــازەبــوونــەوەی شــونــاســەکــان یان هێشتنەوەو پاڕێزگاریلێکردنیان، کار لە شێوازی تەقالاو شێوازی دروستکردنی هەنگ بۆ شــارەکــەی ناکات. هەنگێک بەر لە شۆڕشی فەرەنسیو هەنگێک بەر لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژووی هاوچەرخو هەنگێک بەر لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراقو ڕوخانی بەعس وەک یەک کاردەکەن. هەنگێک لە کوردستانو هەنگێک لە هۆڵەندا و هەنگێک لە مەکسیک هەمان شــار دروســتــدەکــەن. ئــەوەشــی کە چوارچێوە گەورەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیش دەگرێتەوە. گۆڕان لە شێوازو میکانیزمو تەکنیکەکانی دەسەڵاتدا دێنەکایەوە، گـۆڕان لە پەیوەندییەکانی هێزو پەیوەندییەکی ماناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دروستدەبن، دروستکراوە ئینسانیو کۆمەڵایەتییەتیو ڕەمزییەکان دەگـــۆڕێـــن. دەســکــاری ماناو زمــانو وێنەکان دەکرێت، پێناسەکان سەرلەنوێ پێناسەکرێنەوەو بەهاکان سەرلەنوێ دەنــرخــێــنــدرێــنــەوەو پارادایمەکانی بیرکردنەوەو دەربـــڕیـــن دەگـــۆڕێـــن و سەرلەنوێ دادەڕێژنەوە

ڕەنگە ڕۆشنبیرێک نەدۆزینەوە بەشێوەیەکی ئاگایانە ئەم دیدەی بۆ کۆمەڵگا قبوڵنەبێت، ڕەنگە زەحمەتبێت لەئاستی دیالۆگی ڕۆژانــەو ڕاگۆڕکێی ســادەدا کەسێکی ســادەش بدۆزینەوە جیاوازییە گەورەکانی نێوان دونیای ئینسانو دونیای هەنگی قبوڵنەبێت. یان جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگاو شاری هەنگ نەبینێت. بەڵام گواستنەوەی ئەم دیدە بۆناو کاری تیوریو فیکریو کردنی بەبەشێک لەو دەزگا چەمکیو شێوازی ڕوانینو لۆژیکی بەرخوردەی کە ئینسان لەڕێگایانەوە دونیاو دیاردەکان دەبینێتو تێدەگاتو ڕاڤەدەکات، کارێکی ئاسان نییە. ئەنجامدانی کــاری تیوری خۆی لەخۆیدا کارێکی زەحمەتە، هەوڵدان بــۆ نیشتەجێکردنی چەمکی گـــۆڕان لە سێنتەری ئەو دەزگــا چەمکیدا کە بەهۆیەوە کاری تیوری دەکرێت، کارێکی زەحمەتترە. وێنانەکردنی کۆمەڵگا وەک شاری هەنگ کارێکی ئاسانە، بەڵام کردنی ئەم وێناکردنە بە شێوازی ڕوانینو بەرخوردو بیرکردنەوە کارێکی ئاسان نییە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئینسان دەبێت واز لە هەموو ئەو گشگیریو پــێــشــداوەڕیو وێناکردنە نەگـۆڕانە بهێنێت کە زۆر بە ئاسانی دەتوانن ببنە ئامرازی سەرەکی بیرکردنەوە. دەبێت واز لەو دیدە میتافیزیکییە بهێنێت کە بەدوای دۆزینەوەی(جەوهەر)ی شتەکاندا دەگــەڕێـت، وازبێنێت لــەوەی هەمیشە پرۆسێسە میژوویییە ئاڵۆزو فرەجەمسەرو فرەدەرکەوتو فرەئاستەکان لەنێوان دوو وێنەو دوو تەوەرەو دوو ناکۆکی سادەدا دابەشبکات، ئەمیان دژ بەویدیکەیانو ئــەمــیــان لــەشــوێــنــی ئــەویــدیــکــەیــان دابنێت.(واتە ڕزگاربوون لە دوالیزمی فیکری) دیـدی میتافیزکی تەنیا ئەوە نییە شتەکان لە جوڵەیەکی بــەردەوامو گۆڕانێکی بەردەوامدا نابینێت، بەڵکو شتەکان بەسەر ژمارەیەک جەوهەری نەگۆڕدا دابەشدەکاتو ئەو جەوهەرە نەگۆڕانەش بەرامبەر بەیەک ڕادەگرێتو پەیوەندییەکی نەگـۆڕیان لەنێواندا دروستدەکات، زۆرجـار پەیوەندییەکی ناکۆکو ململانێئامێز کە وەهمی دیدێکی دینامیکیمان لا دروستدەکات، بەڵام لە خوێندنەوەیەکی وردا بۆماندەردەکەوێت ئەو لۆژیکەی ئاراستەی بەخوردەکان دەکـات ئــەو لۆژیکە دووجەمسەرەیە کە ناتوانێت ئاڵۆزییەکان وەک خۆیان ببینێتو کورتیانەکاتەوە بۆ ململانێی نێوان ڕەشو سپی، باشو خراپ، هەڵەو ڕاست. وازهێنان لە گشتگیریی ڕەهای ئەم دیدە میتافیزکییە لە کاری فیکریو تیوریدا کارێکی هێجگار قورسو ناڕەحەتە، چونکە ئەم وازهێنانە داوای دابەزین دەکات بۆ ئاستی تەماشاکردنی بەردەوامی ئەو پراکتیکە میژوویییە ئاڵۆزانەی کە نەک تەنیا سەرچاوەی دروستکردنێکی بەردەوامی میژوو کۆمەڵگای ئینسانین، بەڵکو لە گۆڕانێکی بەردەوامیشدان. داوای تێبینیکردنی هەموو ئەو شتە بچووکانە دەکــەن کــە بەهێمنیو زۆرجــاریـش بەڕێرەکی دەسکاری هاوکێشەکانو ڕیزبەستنەکانو بەهاکان دەکــەن، یان پەیوندی نێوان شتەکان لە ئاستێکی دیکەو جیاوازو گۆڕاودا دادەڕێژنەوە. هەموو ئەمانەش تەواو ناکۆکە بە هەموو ئەو گشتگیرییە سادەو ڕەهایانەی کە میژووی چەند سەدەی کۆمەڵگایەک یان میلەتێک یان ناوچەیەک لەناو چەمکێک یان وێنەیەک یان گوتارێکی ســادەدا گیردەکات. بەکورتی ئەوەی پێمانوابێت کۆمەڵگا هەیە بەدرێژایی چەند سەدە گۆڕانێکی ماناداری بەسەردانەهاتووە، لە بەتاڵییەکی گەورەو بێڕووداودا ژیاوە، لەهەموو شوێنو خانەیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی دووبــارەو سەدبارە کردۆتەوە، هێزی گۆڕانی تیا نەبووەو میژووی خۆی بەبێ گۆڕانو تازەبوونەوە ژیاوەو دەژی، ئەوا وێنەی شارەهەنگەکەمان بۆ کۆمەڵگا لەبەرچاوە، نەک ئەو وێنە دینامیکییەی کە کۆمەڵگا دەکاتە کۆمەڵگا. بەتایبەتی وێنەی کۆمەڵگایەک کە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە لەزیاد لە ئاستو مەوداکدا لە پرۆسە ئاڵۆزو گەورەکانی مۆدێرنەوە ئاڵابێت.

چییە وادەکات ئەو گۆڕانانەی پێویستیان بە سااڵنێکی دوردرێژ هەیە بۆدروستبوونیان، وەک گۆڕانی بونیادی زەینیو عەقڵی، کەزۆرجار زیاد لە سەدەیەک کاتی دەوێت بۆ گۆڕان، تێکەڵبکەین بەو گۆڕانانەی کە چەند دەیەیەکی دەوێت بۆ دروستبوونیان، وەک گۆڕان لە دەزگا سیاسیو ئابووریییەکاندا؟ یان ئەم گۆڕانانەی کە دەکرێت ئێستاو لێرەدا پیادەبکرێن، وەک گۆڕانە سیاسییەکان، یان گۆڕانەکانی ناو سیاسەت؟

لە ژمارەکانی داهاتوودا،

ڕۆژنامە وتارێکی نووسەرو ڕووناکبیر (ئاراس فەتاح) بەناونیشانی (دەستوورو دۆخی ناکاو) باڵاودەکاتەوە.

دووەم، غیابی کۆڵەکە سۆسیۆلۆژییە بنەڕەتییەکانی گۆڕانە، ئیدی لە رووکاری ئـەو هـێـزانـەوە بیگرە کەگۆڕانیان دەوێـت، بۆ ئەو ئەگەرانەی گۆڕان کە لەبەردەمدایە، تا بەو ئاسۆیانە دەگات کە دەکـرێـت گـۆڕان بیانکاتەوە یان دایانبخات، یاخود ئەو لەمپەرو رێگرە کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیانەی کە دەشێت رێ بە گۆڕان بگرن. ئەمە جگە لە نادیارکردنی ئەو ئاستو مەوداو پانتاییانەی کە دەشێت لە ئێستاو لێرەدا گۆڕانیان تێدابکرێت، ئـەوانـەش کە دەشێت وەک ستراتیژ ئامادەبنو کاری درێژخایەنیان لەسەربکرێت. هەموو ئەمانەش مانای جیانەکردنەوەی هیچ ئاستێک لە ئاستەکانی گۆڕان لەیەکتریو دەستنیشان نەکردنی هیچ پانتاییەک لە پانتاییەکانیو هەوڵدان بۆ ناسینی هیچ بکەرێک لە بکەرە ئێستاییەکانو ئایندەییەکانی. بە کورتی قسەکردن لە گـۆڕان لە غیابی هەموو ئەو پێدراوە تیوریو میتۆدیانەدا کە گۆڕان دەکەنە دیاردەیەکی فیکری قابیلی خوێندنەوەی زانستی.

کـێـشـەی سـەرەکـی ئـەمـجـۆرە لێکدانەوەو بەرخوردکردنە میتافیزیکییە بۆ گۆڕان لەوەدا نییە ئایا ئەو لێکدانەوەو بـەرخـوردانـە راسـتـن یـان هـەڵـەن، ئایا دەکـرێـت لـەڕووی ئیمپیریـیەوە پاسادانبکرێن یان نا، کێشەی ئەم شێوە بەرخورد لەو بێناوەڕۆکییە مێژوویەدایە کە هەڵگریەتی.

ئەم دیدە ناتوانێت گۆڕان لە سیاقە مێژوویی و کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەکانیدا جێگیرکات، لەباتی ئەمە دەیەوێت گۆڕان لە (خودی خۆیدا) یان لە (چیەتیی)خۆیدا یان لە (جەوهەری) گریمانکراویدا بناسێنێت. بەمەش کاری لێکدانەوەو شیکردنەوەو تێگەیشتن لە واقیعێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو ڕەمزی دیاریکراو دەگۆڕێتەوە بە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە (سروشتی) ئەبستراکتی گۆڕان وەک دیاردەیەکی زیهنی، وەک (ماهیەتێک) کە دەبێت (جەوهەر)ەکەی بیناسینو بەپێی ڕێنوماییەکانی بجوڵێینەوە. بێگومان دیدی میتافیزیکیانە بۆ گۆڕان دەشێت شتگەلێک بڵێت کە مەعقولیەتێکی تایبەتی تێدابێت، بـەڵام کێشەکە، وەک کارل پۆپەر دەڵێت، ئەوەیە ئەم مەعقولیەتەو ئەوەشی دەیڵێت، ناتوانرێت لەڕووی ئیمپیریـیەوە پاسادانبکرێت. ناتوانرێت هەڵەبوون یان ڕاستبوونی بسەلمێندرێت، ناتوانرێت لەبەردەم پێدراوە مێژوویی و واقیعیەکاندا تاقیبکرێتەوە. هەر ئەمەشە دەریدەکاتە دەرەوەی فیکری زانستییو دەیخاتە ئامێزی میتافیزیکەوە. ئەم دیدە میتافیزیکییە بۆ گۆڕان وا وێنای گۆڕان دەکات وەک ئەوەی هێزو وزەو تارماییەکی ناوەکی نادیاربێتو لە شوێنێکی نەزانراوو نەناسراوی کۆمەڵگاو مێژووەوە بێت. هێزێک بێت قەڵەندەرانە بە مێژووی ئێمەدا بگەڕێتو بەدوای هەڵێکدا وێڵگەردبێت بۆ بەرجەستەبوون. کە هاتیش نەک تەنیا ئەم یان ئەو دیاردەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی بگۆڕێت، ئـەم یـان ئـەو ریزبەستنو ڕێکخستنی پەیوەندییەکان دەسکاریبکات، ئەم بەرنامەی سیاسی بەو بەرنامەی سیاسی بگۆڕێتەوە، هاوکێشەکانی دەســـەڵاتو شـێـوازی پـیـادەکـردنو ئیشکردنیان بگـۆڕێـت، بەڵکو دێت بۆئەوەی سەرجەمی شتەکان بگۆڕێت، گشتێکی پێناسەنەکراو و هوڵامی بە گشتێکی دیکەی پێناسەنەکراو و هوڵامی بگۆڕێتەوە. جەوهەرێک بە جەوهەرێکی دیکە، (ماهیەتێک) بە (ماهیەت)ێکی دیکەو شتێک (لە بوونی خۆیدا) بە شتێکی دی (لە بوونی خۆیدا) بگۆڕێتەوە. دونیایەک بەتەواوی بڕوخێنێتو لەسەر تەپوتۆزو گـەردەکـانـی دونیایەکی تـەواو نوێ دروستبکات. ئەم دیدە ئەبستراکتە بۆ گـۆڕان ناتوانێت ئاستە جیاوازەکانی گـۆڕانو خێراییە جیاجیاکانی ببینێت. داوای ئەوەدەکات گۆڕان لەیەککاتدا لە هەموو ئاستەکاندا پیادەبکرێت: لە گۆڕانی (عەقڵەوە) بۆ گۆڕانی (دروشمەکان)، لە گۆڕانی(بونیادە قوولەکانەوە) بۆ گۆڕانی(دەرکەوتە ڕۆژانەییەکان)ی ژیـــان، لـە گـۆڕانـی (سـیـاســەت)ەوە بـۆ گـۆڕانـی(مـێـژوو)، لـە گـۆڕانـی (دەزگاکان)ەوە بۆ گۆڕانی (ئیرادە)، لە گۆڕانی (سیستمی دەسەڵاتداریتی)یەوە بۆ گۆڕانی (جێبەندیبوونی ئینسان لەناو مێژوودا)، لە گۆڕانی (پراکتیکی سیاسییو کۆمەڵایەتی)یەوە بۆ گۆڕانی (فیکرو خەیاڵ)، لە گۆڕانی (کۆمەڵگاوە) بـۆ گـۆڕانـی (زات). بـە کـورتـی ئەم دیدە میتافیزیکییە داوای گۆڕینەوەی ئەنتۆلۆژیایەک بە ئەنتۆلۆژیایەکی دیکە، گۆڕینی جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندی بە بوونەوە بە جۆرێکی دیکەی پەیوەندی بە بوونەوە، دەکات. ئەمەش ئەرکی پیادەکردنی گۆڕانو ئاراستەو چاودێریکردنی بـەڕادەیـەک ئاڵۆزو زەحمەتو تەنانەت ناماقوڵ دەکات لە مەحاڵ نزیکیدەکاتەوە.

ئاشکرایە چ فانتازیاو خەیاڵێکی دینی سادە لەپشتی ئەم دیدەوەیە بۆ گۆڕان. زەحمەت نییە ریشە دینییەکانی ئەم تێڕوانینە بۆ گۆڕان ببەستینەوە بە بیرۆکەی هاتنی (مەهدی مونتەزەرەوە). لـە فیکری دینیدا مـەهـدی هێزێکی مێژوویی نییە بکرێت ئاکارو پێدراوە سۆسیۆلۆژییەکانی بناسین، هێزێک نییە بیەوێت گۆڕان لە بواریک یان لەچەند بواریکی تایبەتو کۆنکریتی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا پیادەبکات، بخوازێت جۆرێک لە پراکتیکو ئەخلاقیاتی مێژوویی تایبەت بگۆڕێت، یان هەندێک بەها لەناوببات‌و هەندێک بەهای نوێ بهێنێت، یاخود وێناکردنێکی تایبەتی کۆمەڵگا تێکبدات‌و وێناکردنێکی دیکە پێشنیازبکات، یان ئەم دیدی سیاسی بەو دیدی سیاسی بگۆڕێتەوە. پرۆژەی هاتنی مەهدی پرۆژەیەکی سنووردارنییە بە مێژوو، بە پـێـدراوە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسییەکان، بە ویستی گۆڕینی کۆمەڵێک ڕەهەندی بەرجەستەو قەیراناوی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی. پرۆژەی مەهدی پرۆژەیەکی میتافیزکییەو دێت لە خاڵی سەرەتاوە تا خاڵی کۆتایی، لە ڕەشەوە بۆ سپی، لە ژیانەوە بۆ مردن هەموو شتەکان دەگۆڕێت، دێت بوونێک بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە بە بوونێکی تەواو تازەو جیاواز دەگۆڕێتەوە، هەموو هەڵەکان لادەبـات‌و دونیایەکی بێهەڵە دروستدەکات، هەموو ناشیرنییەکان وشکدەکات‌و دونیایەکی بێگەردو بێتۆز لە شوێنیاندا دروستدەکات، هەموو لاوازیـیـەکـان دەسـڕێـتـەوەو هێزێکی بێسنوور دروستدەکات. ئەوەی مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی نەیتوانیوە بیکات‌و ئەنجامیبدات، ئەوەی مرۆڤیش هەرگیز ناتوانێت بیکات‌و ئەنجامیبدات، مەهدی لە یەک دەرکەوتندا دێت دەیکات‌و ئەنجامیدەدات.

کێشەی دیدی میتافیزیکی بۆ گۆڕان لەوەدایە لە کێشەو تەحەداو مەترسیو ئـومـێـدە کۆنکریت‌و واقیعییەکانی مێژووەوە دەستپێناکات، لە پرسیارو دودڵیو ناڕەزایی‌و چاوەڕوانی‌و خەون‌و خەیاڵی ئـەم ساتەوەختەوە نایەت، پێکهاتی ئاڵۆزی ئەم ساتەوەختە ناکاتە ئەو سیاقەی تیایدا لە پرسی گۆڕان دەدوێـت. واتـە لە دۆخێکی واقیعی‌و بەرجەستەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە دیدێکی تەواو ئەبستراکتەوە بۆ مێژووی هاوچەرخی ئێمەو لە وێناکردنێکی تەواو ستاتیکیو ئەبستراکتی کۆمەڵگاوە دەستپێدەکات. گـۆڕان ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵێک وێنەو نمایشەوە گرێدەدات کە لەسەر گشتگیریی‌و پێشداوەری ڕەهابەندن. ئەرکەکانی گۆڕانیش بەو وێنە گشتگیرو دیدە ئەبستراکت‌و ستاتیکییە نەگۆڕانەوە دەبەستێتەوە کە ئاستی پێشداوەریان تێنەپەڕاندوەو نەبوونەتە دەرنجامی پشکنێکی زانستی ئەو کێشە مێژووییانەی لێیاندەدوێت. ئەمە وادەکات لەباتی داواکردنی گۆڕانی ئەم یان ئەو ڕەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەم یان ئەو ئاکارو بەرنامەو بەرخوردی سیاسی، ئەم یان ئەو پێدراوی کولتوری‌و ڕەمزی، یان هەر شتێکی دیکە کە سیاقە مێژووییەکە دەرەقەتی بێت‌و یان لانیکەم وەک ئەگەر بەرجەستەکردنی ئامادەبێت، داوای گۆڕینی گشتێتی مێژوو و گشتێتی بوون‌و گشتێتی ئیرادە دەکات‌و گۆڕانی هەموو (ماهیەت)کان لەیەککاتدا پێشنیاردەکات.

بەڵام ئەو وێناکردنە بۆ گـۆڕان‌و ئەم تێگەیشتنە بۆ رزگاربوون لە کوێوە دێت؟ چییە وادەکات ئەو چاوەڕوانییە مەهدیئاسایە لە گـۆڕان بکرێت؟ چییە وادەکـات کە باسمان لـەگـۆڕان کرد ڕاستەوخۆ باس لە گۆڕانی سەرلەبەری ڕەهەندە جیاوازەکانی بوون بکەین؟ لە گـۆڕانـی عـەقـڵو زیهنییەتەوە، بۆ گۆڕانی ئیرادەو بونیادە قوولەکان؟ لە گۆڕانی دەزگاکان‌و گۆڕانی دەرکەوتە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بۆ گۆڕانی مێژوو خۆی وەک گشتێکی میتافیزیکی هوڵامی؟

چییە وادەکـات ئـەو گۆڕانانەی پێویستیان بە سااڵنێکی دوردرێـژ هەیە بۆدروستبوونیان، وەک گۆڕانی بونیادی زەینی‌و عەقڵی، کەزۆرجار زیاد لە سەدەیەک کاتی دەوێـت بۆ گۆڕان، تێکەڵبکەین بەو گۆڕانانەی کە چەند دەیەیەکی دەوێت بۆ دروستبوونیان، وەک گۆڕان لە دەزگا سیاسی‌و ئابووریـیەکاندا؟ یان ئەم گۆڕانانەی دواییان تێکەڵبکەین بەو گۆڕانانەی کە دەکرێت ئێستاو لێرەدا پیادەبکرێن، وەک گۆڕانە سیاسییەکان، یان گۆڕانەکانی ناو سیاسەت؟ بەکورتی چییە وادەکات جیاوازییە ناوەکییەکانی ناو (گۆڕان) خۆی نەبینین، چییە وادەکات نەتوانین ئاستەکانی گـۆڕان لەیەکدی جیابکەینەوەو بە شێوەیەکی ڕەها باس لە گۆڕان بکەین؟

پـێـگـومـان لێکجیانەکردنەوەو تێکەڵکردنی ئاستە جیاوازەکانی گۆڕان بەیەکدی نەک تەنیا هەڵەن، بەڵکو هێما بۆ فەوازو تێکەڵوپێکەڵییەکی فیکری‌و تیوریی گـەورەش دەکـەن کە تیایاندا هەم توانای بینین‌و تێبینیکردنی گۆڕان بزرە، هەم گۆڕان بە کۆمەڵێک داخوازی نـاڕاسـت‌و نامێژوویی‌و ئەبستراکت



کێشەی دیدی میتافیزیکی بۆ گۆڕان لەوەدایە لە کێشەو تەحەداو مەترسی‌و ئومێدە کۆنکریت‌و واقیعییەکانی مێژووەوە دەستپێناکات، لە پرسیارو دودڵی‌و ناڕەزایی‌و چاوەڕوانی‌و خەون‌و خەیاڵی ئەم ساتەوەختەوە نایەت،پێکهاتی ئاڵۆزی ئەم ساتەوەختە ناکاتە ئەو سیاقەی تیایدا لە پرسی گۆڕان دەدوێت. واتە لە دۆخێکی واقیعی‌و بەرجەستەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە دیدێکی تەواو ئەبستراکتەوە بۆ مێژووی هاوچەرخی ئێمەو لە وێناکردنێکی تەواو ستاتیکی‌و ئەبستراکتی کۆمەڵگاوە دەستپێدەکات

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان



diwan | دیوان

مـۆبیلیـــات

کـــەوانتەر PVC

فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ :

- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان ٨ هەشت قیست
- کەس و کـاری شەهیـــدان و ئەنفـال و کیمیابـاران و بوك و زاوا ١١ یـانزە قیست
- سلێمانی – شەقامی پیرەمێرد ٣١٣٧٣٢٥ – سلێمانی – سی مەتری هەواری تازە ٣٢٣٢٣٥٨
- سلێمانی – کۆتایی شەقامی چوارتای کۆن ٣٢٨٨٢٢٠
- هەولێـر-شەقامی شۆرش ٠٦٦٢٥٣٣١٠١ – هەولێـر – شەقـامی شەستی ٠٦٦٢٥٠٦٠٧٤
- دهۆك – حی عەسکەری- ٠٦٢٧٦٣٠٦١٢
- کەلار– شەقامی سەرەکی سلیمانی ٠٧٤٨٠٢٢٤٩٠٧ – کەلار شەقامی شەهیدان ٠٧٤٨٠٢٧٣٥٧٧
- دەربەندیخان – بەرامبەر یاریگای داخراو ٠٧٤٨٠٢٣٨٠٣٠

www.diwanhome.com diwanhome@yahoo.co.uk

ئاگاداری

خانەی (هزر) بۆ چاپو بڵاوکردنەوە بەنیازی دەرچواندنی گۆڤارێکی مانگانەیە بەناوی (کورد تایمز) کەخاوەنی ئیمتیازی خانەی (هزر)و سەرنوسەر (هیدایەت ئیبراهیم)ە وە گۆڤارێکی سیاسی گشتیە, بایەخ بە دۆسیە سیاسیەکانی جیهانو هەرێمی کوردستان ئەدات, هەرکەسو لایەنێک نارەزاییان لەسەر ناوو ناوەرۆکی ئەو گۆڤارە هەیە پەیوەندی بکات بە ئۆفیسی خانەی (هزر) بۆ چاپو بڵاو کردنەوە, بەژمارە نۆرماڵی ٣١٨٦٣٢٦ یان ٠٧٥٠١٥١٤٤٤٤ یان سەردانی ئۆفیس لە گەڕەکی رزگاری – بەرامبەر بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی– تەلاری کەرکوک پلازا– نهۆمی دووەم– ئۆفیسی ژمارە (١٦) بکات.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
adnan@rozhnama.com – ednan.rozhnama@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران

سیروان رەشید	فازڵ نەجیب	هیوا جەمال	فرمان عەبدولڕەحمان
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨	٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣	٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦	٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤
serwan_rm@yahoo.com	fazil988@yahoo.com	hiwa.jamal@yahoo.com	frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

هەر دەستوور مابوو بیچەسپێنن، ئەویشیان کرد

دلێر وریا

حکومەتی هەریم لە ماوەی(١٨) ساڵ تەمەنی حکومڕانی خۆیدا نەیتوانی دەستوورێک بۆ کوردستان دابنێت، کە خۆی لەڕاستیدا ئەمە پرۆژەی ساڵی (١٩٩٢)ی پەڕلەمانی ئەو سەردەمە بوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو هەموو کێشە زۆرانەی نێوان یەکێتی و پارتی ئەم پرۆژەیەش وەک سەدان پرۆژەو ئومێدی دیکەی خەڵکی کوردستان نەزۆک کرا.

دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا کە سەرئەنجام دەستوورێک لە ئارادایە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەم دەستوورەیان لەفلتەری حیزبەکەی خۆیانەوە،واتە پەڕلەمانەکەیان تێپەڕاندو سەپاندیان بەسەر گەلدا، لە کاتێکدا نەک هەر خەڵکی کوردستان، بەڵکو زۆربەی ئەندام پەڕلەمانەکانیش تا رۆژی دەنگدان نەدیبوویانو نەخوێندبوویانەوە.

ئەمە لە سەردەمێکدا رووەدات کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەستوور لەنێو پەرلەمانتاراندا چەند مانگ گفتوگۆو راگۆڕینەوەی لەسەر دەکرێت، پاشان دەخرێتە بەردەم خەڵکو رۆژانە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەخرێتە بەر ڕاڤەو شیکاریی و بە دەیان پسپۆڕ زانا لەسەری دەدوێنو ناوەرۆکی دەستوورەکە بۆ خەڵکی شیدەکەنەوە، ئینجا ریفراندۆمی بۆ دەکرێت، ئەگەر جێی پەسەندی زۆرینەبوو، کاری پێدەکرێت.

بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار وەکو هەموو شتەکانی دیکە ژێر بەژێرو لەژووڕە داخراوەکانی خۆیاندا ئەم دەستوورەیان بەدڵ ولە بەرژەوەندی خۆیان نووسی.

بە بڕوای من تێپەڕاندنی دەستوور لەم کات و ساتەداو بەم پەلەپرۆزێیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە یەکێتی و پارتی لەم هەڵبژاردنەدا توشی قەیرانو هستریایەکی زۆر بوون، بە تەواوی لە بەدەستهێنانی دەنگو متمانە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا نائومێدن.

تەنیا شتێکی جێئومێد کە بۆیان مابێتەوە سەرۆکایەتی هەرێمە، من پێموایە لەم دەستوورەدا هەموو دەسەڵاتێک بەسەرۆک ببەخشن بۆ ئەوەی ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمیان بەدەستەوە ما، سەرۆک بتوانێت پۆستەکەی بۆ خزمەتی حیزبی بەکاربهێنێتو بتوانن بە ئاسانی ئەوەی بیانەوێت بیسەپێنن. ئەمەش دوایەمین چڵەپووشە کە یەکێتی و پارتی بیانەوێت خۆیانی پێبگرنەوە.

بۆیە هیوادارم خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو، مامۆستاو خوێندکار، گەنجو پیر، فەقیرو دەولەمەند، کرێکارو کارمەند، خوێنەوارو نەخوێندەوارەوە بەتوندی دژی ئەم دەستوورە بووەستن و نەهێڵن نیازی حیزبایەتی، بەرژەوەندی نەتەوەیمان ژێرپێ بخات. دڵنیابن ئەگەر ئەم دەستوورە ئاوا بەئاسانی و بەچاوبەست بەسەرماندا بسەپێنرێت، نەک ئێمە، بەڵکو نەوەکانی داهاتووشمان بەدەستییەوە گیرۆدە دەبن. لە کۆتاییدا دەڵێم بەرزو پیرۆزبێت راو ئیرادەی گەل.

ڕێگای گۆڕان / گۆڕانی ڕێگا

هەوڵێک بۆ گواستنەوەی گۆڕان لە دۆخی تارماییەوە بۆ دۆخی بوونەوەر



بەکر عەلی/بەرلین

١-٢

ســـەدەی (٢٠) لـە مـێـژووی هاوچەرخی کوردیدا ئەگەر هەر ناونیشانێکی هەبێت، جا چ سەدەی خەباتی کـوردایـەتـی، چ سـەدەی خۆبەختکردنو قوربانیدان، سەدەی پیرۆزکردنی مەرگ بێت، یان سەدەی کارەساتو مەرگەساتەکان، یاخود سەدەی بەرگری چەکداری لە هەبوونو کەینوونەی کوردی، زۆر بە کورتی با بڵێین سەدەی ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەترین هێرشو خوێناویترین هەڕەشەی دەرەکـی، ئـەوا لە پاش ڕاپەڕینەوە سەردەمێکی دیکە دێتە ئاراوە کە بە ناوەرۆکو بەشێوەش لە سەردەمەکانی پێشووتر ناچێت. لـە پـاش یەکەمین هـەڵـبـژاردنـی حکومەتو پەرلەمانی کـوردی لە (١٩٩٢)دا هەستمانکرد هەموو خەونەکانی سەدەکانی ڕابردوومان بوونە ڕاستیو ئیدی لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمو خۆ بەڕێوەبەردا ژیانی سیاسی خۆمان شێوەگیر دەکەین، بەڵام هەرزوو بە شەڕی ناوخۆ ئەم خەونە بێنرخکراو هەر زۆر دڕندانە ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمە لەناو خۆیدا حیزبەکان پارچە پارچەیان کرد. تەنانەت پەرلەمانی دووەم هەڵبژاردن کە لـە(٢٠٠٥)دا دەنگمان پێیداوەو تا ئێستاش درێژەی هەیە دەکرێت بڵێین لە ناواخندا هەمان ئەرکو فونکسیۆنی ئەوەی یەکەمی هەیە، تەنیا لە دەراخنو ڕواڵەتدا دەشێت جیابکرێتەوە.

لێرەوە ئەوەی بخوازێت مێژووی نوێی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو مەدەنییانەی ئێمە بنووسێتەوە، ئـەوا دەبێت لەبەرە بەیانی یەکەم ڕۆژی ڕاپـەڕیـنـەوە دەسـت بکات بە گـێـڕانـەوەی ئـەو ڕۆمـانـەی کە نوێترینۆ هەنووکەییترین دیمەنی لەم هەڵبژاردنەی ئەمسااڵدا خۆی بەرجەستە دەکات.

هەڵبەت مـێـژووی خوێناویو فرمێسکاوی دوای ڕاپـەڕیـن لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو کۆهۆشیارییەی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا چێکرد کە ئێمە ڕووبەڕووی ستەمکارە ناوخۆکان بووینەتەوە، ئەو ستەمکارانەی ڕۆحی نەتەوەو سایکۆلۆژیای کۆمەڵگایان کەرت کەرت کرد، ئیدی ئەمجارە سامناکی داگیرکردنەکە لە دەرەوە لەوبەڕی سنووری شارەکانمانەوە نایەت، بەڵکو دەسەڵاتە پاوانخوازە ناوخۆییەکان داگیرو زەوتیان کردووین، لەپاش نابووتکردنی یەکەم پەرلەمانی کـوردیـیـەوە ئیتر ئێمە قۆناغی مۆنۆپۆلیزمی ناوخۆیی دەگوزەرێنین، هێزە لۆکاڵەکان ئەوانەی بە دەنگی خۆمان شەرعیەتو ڕەوایەتییان بە دەستهێناوە، لەوکاتەوە ئیرادەو ئارەزوویان داگیرکردووین. پێدەچێت ئەمە قـەدەری هەموو شۆڕشێک بێت کە دەسەڵاتی گرتەدەست ئیدی هەموو پرینسیپەکانی سەردەمی شۆڕش ئافەڕۆز بکات، ئەگەر وەها بێت ئەوا دەشێت بڵێین: ئێمە تائێستا شۆڕشمان نەکردووە.

لە پاش ڕاپەڕینەوە بۆ یەکەمجار بـزووتـنـەوەی چـەکـداری کـوردی لە خەباتکردن بۆ بەرگریکردن لە هەبوونی کورد بەرامبەر بە هەڕەشە دەرەکییەکان دەگـوازرێـتـەوە بۆ شەڕو ململانێی دەسەڵاتی ناوخۆیی، ئـەم شـەڕەش لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، کە حکومەتێکی دووحیزبی فیفتی فیفتی لەرزۆکی لێدامەزرا، هەمیشە هێندە سەرەتاییانە بووە کە هیچ دەرفەتێکی بۆ زمانی دیالۆگو ململانێی شارستانییانە لەنێو یەکتریدا نەهێشتبووەوە. تا دواجار شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوەو لایەنەکان هـەروەک کانیباڵە گۆشتخۆرەکان کەوتنە گیانو لاشەی یەکتری.

نیشتمان بۆ ئێمە کە خۆشترین بەهەشتی سەرزەمین بـوو، لێیان کردینە دۆزەخـێـکـی سووتێنەر، ئازادیی بۆ ئێمە کە موقەدەسترین بـەهـای ژیـان بـوو ئـەوان لـەو سەردەمەدا دزێوترین چرکەساتی ئـازادیـیـان پیشاندین. دواجـار بەرئەنجامەکەی ئەوەبوو لەڕووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤی کـوردی تووشی دووکەرتبوونێکی ناوەکی قوواڵکردو کۆمەڵگاشی دووچاری دادڕانێکی سامناکی ڕۆحیو ئەخڵاقی کـرد، ئەمەش هۆکاری ئـەوەی بە هەمووان بەخشی کە چیتر بەدگومان بین لە هەموو ئەو گفتو پەیمانو مـژدانـەی لە سـەردەمـی خەباتی چەکداریدا لە قۆناغی بەر ڕاپەڕیندا پێمان درا بوو، ئیدی لەوێکانەوە بەرپرسانو دەسـەڵاتـدارانـی ئەم حکومەتە دەسەڵاتیان قۆرغکردووە لە پێناوی پاوانکردنی نەک هەر سامانی سروشتییانەی سەر زەویو بن زەوی، بەڵکو کارەکتەری مرۆڤی کوردییان (ئـەوەی لەسەر زەویو ئـەوەی لـەژێـر زەویـشـە، ئـەوەی زیندووەو ئـەوەی شەهیدە) وەها زەوتکردووە بەڕادەیەک شتەکەیان گەیاندووەتە ئاستی کڕینی دەنگی هەر کەسێک بەزیندووەکانو بە مردووەکانیشەوە، جا ئەو کەسە گرنگ نییە هـەر کەسایەتییەکی هەبێت، ئەمەش نەک هەر یەکەمینو ترسناکترین هـەوڵـی کوشتنی دیموکراسییە، بەڵکو قاقایەکی گـاڵـتـەجـارییـانـەیـە بـە هـەمـوو پرینسیپەکانی خەباتی ڕابوردوویانو تەقدیسکردنێکی فاشیستانەی مێژووە لەڕێی دروستکردنی چەند بتێکەوە.

لێرەوە گۆڕان دەبێت بەرپابێت ئەو بتانە تێک بشکێنێت

دواتریش لەپاش ڕمانی ڕژێمی دکتاتۆری بەغداوە کە لەگەڵ خۆیدا دۆخێکی سیاسیو ئابووری تەواو جیاوازی هێنایە ئاراوە، بەڕادەیەک ئیشکردنی سیاسیو ئابووری ئەم وڵاتەی شێواند کە حیزب ببێتە بانکی دەستەیەک بەرپرسو ساماندارای چنۆکی ئەوتۆ سیاسەت بەلایانەوە جگە لە خۆ دەوڵەمەندکردنو لە بەرژەوەندی بازاڕ دۆزینەوە چیتر بەرئەنجامەکەی ئەوەبوو مرۆڤی کـوردی سایکۆلۆژییەوە ئەوەی کتومت لە دوای هەڵبژاردنی دووەم پەرلەمانەوە لە (٢٠٠٥)دا تەشەنەی سەند. ئیدی حیزب (پارتیو یەکێتی) پێیانوابوو بوونەتە دوو زلهێزی دەسەڵاتو دوو ساماندارای تاقانەی هەمیشەیی ناو واقعی سیاسی کوردستان، کە لەسەر بناغەی ئەم هۆکارەو لەو بەرواڕە بە دواوە حیزبەکان بوون بە ئامرازێکی سەرەکی خێرا خۆ دەوڵەمەندکردنو خێرا دەسەڵات پەیداکردن، ئیشکردنی حیزب بەمجۆرە کە وەک بانگێک دەربکەوێت زۆر بە سانایی ڕێگای بۆ دیـاردەی گەندەڵی خۆشکرد، دیـاردەیـەک کـە کوشندەترینو وەحشیترین ڤایرۆسی ناو جەستەو گیانی کۆمەڵگایە، دیاردەیەک تەنیا لـەوەدا کورت ناکرێتەوە کە بڵێین ئـەم بـەرپـرس یـان ئـەو بەرپرس ئەم حیزبە یان ئەو حیزب گەندەڵی دەکات، بەڵکو ئەوە دەزوولەیەکە لە چنینی تۆرێکی گـەورەی گەندەڵی ڕۆحـیو ئـەخـلاقـیو دواجـاریـش سیاسی کەوا دەکات ستەرەکتۆری کۆمەڵگاو مافی سیاسییانەی هاوڵاتی تووشی پوکانەوەو Dekadenz بێت. دیاردەیەک بەدیوێکدا زۆر بەربادانە لە ناوەوە تێکەڵی ژیانی سیاسیو ئیشکردنی ئابووری ئەم هەرێمە بووە. بە دیوێکی دیکەشدا لە ئاستی دەرەوەدا زۆر بەدفەڕانە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی خستووەتە جێی بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتیەوە، خـۆشـەویـستـی دەڤـەرەکـەی خزاندووەتە جێی خۆشەویستی نیشتمانەوە، کۆی ئەم شێوەزاندنانە کە بریتین لە جەوهەری گەندەڵی، وایکرد حکومەتی حیزبییانەی کوردی بەسەر ڕێگایەکی هەڵەدا بڕواتو کۆمەڵگاش لە هەناوی خۆیدا توڕەیی کەڵەکە بکات، هەڵبەت پێڕەوکردنی ئەم ڕێگا هەڵەیە بێکاریگەری شێوێنەرو بێئەنجامی چاوەڕواننەکراو نییە، چونکە دروستبوونی دیاردەیەکی وەها سامناک شتێکی لۆگیکییە گەر تووڕەیی کۆمەڵگای لێبکەوێتەوە، بەم پێیە مێژووی سایکۆسیاسییانەی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە بریتییە لە مێژووی کەڵەکەکردنی تووڕەییەکی کۆگەلی بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی ئەگەر سایکۆلۆژیای قووڵی ئەو قۆناغەش بنووسینەوە، ئەوا خوێنو فرمێسک مەرەکەپی نووسینەوەی ئازارو هەستە قوولە تراژیدییەکانمان دەبێت.

هیچ کەسێکیش نییە ئەمڕۆ بوێرێت نکوڵی لەوەبکات کە تووڕەیی لـە ئـارادا هـەیـە. لەڕاستیدا ئەم تووڕەییە هێندە بەرفراوانە نەک هەر لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندایە، بگرە خودی حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش سڵ لە باسکردنی ناکەنەوە، لێرەوەیە دووکەرتبوونی یەکێتی بەرەنجامێکی لۆگیکییانەی ئەم تووڕەییەیە، دواتریش ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان هەقیقەتەکە پتر بەرجەستە دەکاتەوە.

هیچ کەسێکیش نییە ئەمڕۆ بوێرێت نکوڵی لەوەبکات کە تووڕەیی لەئارادا هەیە. لەڕاستیدا ئەم تووڕەییە هێندە بەرفراوانە نـەک هـەر لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندایە، بگرە خودی حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش سڵ لە باسکردنی ناکـەنـەوە، لێرەوەیە دووکەرتبوونی یەکێتی بەرەنجامێکی لۆگیکییانەی ئەم تووڕەییەیە، دواتریش ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان هەقیقەتەکە پتر بەرجەستە دەکاتەوە

کەواتە ئێستا ئێمە چرکەساتی بـەکـاربـردنو ڕێکخستنی ئەو تووڕەییە دەژێنین، تووڕەییەک دەبێت ئۆرگانیزە بکرێت، لە ڕێکخراوێکدا لە بزووتنەوەیەکدا باربکرێت بە ڕەگەزی عەقڵیو بیچمێکو فۆرمێک بۆ خۆی شێوەگیر بکات.

هەڵبەت پێداویستی مێژوویی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت، لە ناواخنی خۆیدا هەڵگری ئەو هێزو ئەو فاکتۆرە گۆڕانخوازانەیە کە لە هەردەرفەتێکدا بێت خۆیان دەراخن دەکەن، ئەمڕۆش کە بانگەشەی ڕێکخستنی ئەم تووڕەییە دەدرێت بە گوێماندا بانگەشەیەک کە دەخوازێت گۆڕان لە ستەرەکلتووری دەسـەڵاتـی کـوردیـدا بەڕپا بکات، بریتییە لە دەرفەتی لەدایکبوونی ئەو هێزەی دەخوازێت هەستێت بە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە مێژوواییە.

دیارە ئەم هێزەش مەرج نییە بە تەنیا هێزێکی سیاسی بێت، بەڵکو بکەرە ناسیاسییەکان بەر لە بکەرە سیاسییەکان لە دایکبوونی هێزێک بۆ گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بـە پێداویستییەکی مێژوویی دەزانـن، ئیدی ڕێکەوت نییەو کاری موئامەرەش نییە کە نەک هەر هاوڵاتییانی ناوەوەی وڵات، نەک هەر سیاسییەکان بگرە ئەوانەشی لـە دەرەوەی وڵاتـن ئەوانەشی ناسیاسییانە ژیـان دەگوزەرێنن پەرۆشی بەرپاکردنی گۆڕانێکی جیدی بن لە کۆی کایە سیاسیو کلتووریەکانی کوردستاندا.

ئێستا هێزێکی گۆڕانخواز لە ئارادا هەیە، ئەوەشی ئەم هێزە بتوانێت کۆخەونی کۆمەڵگای کوردی بهێنێتە دی، دەبێت لەڕێی (هەڵبژاردن)ەوە ئەم چرکەساتە ساغ بکرێتەوە، دەبێت لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە ئەو تووڕەییە پاشەکەوتکراوەی ناوەوەی کۆمەڵگا ببێتە پشتخانو پاڵپشتی ئەم هێزە.



تیشکێك لەسەر سکاڵا و تانەکان

بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق –٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سووڕە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەگوێرەی پێوەرەکانی هەڵبژاردن کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراون لەبەرئەوەی تاکە لایەنی بەرپرسە لەم کارەدا ، پرسی سکاڵا و تانە بە یەکێك لەو میکانیزمانە دەدانرێت کە پشتی پێدەبەستڕێت بۆ دڵنیا بوون لە بنەمای پاکی (نزاهە) و پیشەگەری ، هەر بۆیە کۆمیسیۆن ڕێنماییەکانی خۆی لەم بارەیەوە دەرکردووە بەپشت بەستن بە یاسای کۆمیسیۆن ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ و ماددەی شەشەم بڕگەی دووەم لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو لەسەر شێوەی پەیرەو کە بریتیە لە پەیرەوی سکاڵا و تانە ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٩ تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ بەڕێوەدەچێت

● ڕوانین لە سکاڵاکان

بەگوێرەی ئەم پەیرەوە ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە لایەنی ڕێپێدراو دادەنرێت لە ڕووی یاساوە بۆ ڕوانین لە سکاڵاکانی هەڵبژاردن تەنها ئەو دەسەڵاتی پەکلایی کردنەوەی ئەو ململانێیانەی هەیە کە لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ماوەی بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دێنە ئاراوە ، ئەنجومەنی کۆمیسیاران بۆی هەیە دەسەڵاتی پەکلایی کردنەوەی (ململانێی دیاریکراو) بسپێڕێت بە ئیدارەی هەڵبژاردن بەو پێیەی کە ئیدارەی هەڵبژاردن لایەنی جێ بەجێ کاری هەڵبژاردنەکانە ، هەر کەسێك جگە لە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان مافی پێشکەش کردنی داوای هەرداوایەکی کە بۆ ئەنجومەنی کۆمیسیاراني بەرزبکاتەوە ئیدي سکاڵاکە لەهەر ڕوێکەوە بێ ، وابزانێ کە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی سلبی کاری کردۆتە سەر ئەنجامەکان و پاکی هەڵبژاردنەکان یان ململانێی نێوان چەند لایەنێکی پرۆسەی هەڵبژاردن سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان ڕەوانەبووە .

● مەرج و قۆناغەکانی پێشکەش کردنی سکاڵا :

پەیرەوی سکاڵا و تانە کە باسکرا چەند مەرجێکی دیاریکراوی بۆ پێشکەش کردنی سکاڵا داناوە کە بریتین لە مانەي خوارەوە :

١ ⟵ دەبێت سکاڵاکە نوسراو بێت و لە لایەن ئەو کەسەی کە ڕووداوو سەرپێچیەکاني دیووە ئیمزاکرابێ .

٢ ⟵ دەبێت لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە مێژووی ڕووداني سەرپێچیەکەوە پێشکەش بکرێت .

٣ ⟵ ئەگەر سکاڵاکار قەوارەیەکی سیاسی بوو ئەوا دەبێت سکاڵاکە لەلایەن نوێنەری ڕێپێدراوی قەوارە سیاسیەکەوە ئیمزا بکرێت .

سکاڵاکار بۆی هەیە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن سکاڵا پێشکەش بکات ، لە قۆناغی تۆمارکردنی دەنگدەران سکاڵاکە پێشکەشی بەڕێوبەری ناوەندی تۆمارکردن یان بەڕێوبەری نوسینگەی پارێزگا دەکرێت ، لە کاتێکدا لە قۆناغی دەنگدان سکاڵاکان پێشکەشی بەڕێوبەری وێستگە یان بەڕێوبەری بنکەی دەنگدان یان بەڕێوبەری نوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا یان بەڕێوبەری نوسینگەی هەڵبژاردنی هەرێم دەکرێت لە ماوەی سێ ڕۆژ لە مێژووی ڕووداني سەرپێچیەکەوە هەروەکو سکاڵاکار بۆی هەیە ڕاستەوخۆ هەر سکاڵایەك پێشکەشی نوسینگەی نیشتمانی بکات .

● ناوەرۆکی سکاڵاکە

پێویستە سکاڵای پێشکەشکراو ئەم زانیارییانەی خوارەوەي لە خۆ گرتبێ :

١ ⟵ ناو و ناونیشانی سکاڵاکار و زانیاری پێویست بۆ پەیوەندی کردن پێیەوە .

٢ ⟵ ناو و زانیاری پەیوەندی پێوەکردنی سکاڵالێکراو ئەگەر هەبێت

٣ ⟵ وەسفێکی ووردی سەرپێچیە گریمانکراوەکە لە نێوانیشیاندا مێژوو وکات و شوێن و بارودۆخەکە .

● وەڵامدانەوەی سکاڵا

پەیرەوەکە مافی داوە بە ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە ڕەتکردنەوەی ئەو داوایانەی کە بەڵگەی تەواویان نیە یان لاوازی هەیە بەشێوەیەکی ڕوون لە بەڵگەکانی پێشکەشکردن یان بەهۆی مەرجەکانی ڕوالەتی .

● سزاکان و تانە

ئەگەر ڕووداونی سەرپێچیێك سەلمێنرا .ئەوا بەگوێرەی ئەم پەیرەوە ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئەم سزایانەی خوارەوە لەسەر سەرپێچیکاران دەسەپێنێت :

١ ⟵ گێرانەوەی بارەکە بۆ شێوەی بەر لە ڕووداني سەرپێچیەکە ئەگەر بکرێت .

٢ ⟵ سەپاندنی غەرامەی دارایی

٣ ⟵ هەڵوەشاندنەوەی پەسندکردنی قەوارە سیاسیەکە.

٤ ⟵ قەدەغەکردنی قەوارە سیاسیەکە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان .



٥ ⟵ هەڵوەشاندنەوەی پەسندکردن لەسەر پالێوراوەکە لە لیستی پالێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکان .

٦ ⟵ قەدەغەکردنی کەسەکە لە بەشداریکردن وەك پالێوراو یان فەرمانبەری هەڵبژاردن یان بریکاری قەوارەی سیاسیی لە هەڵبژاردنەکان .

٧ ⟵ قەدەغەکردن یان هەڵوەشاندنەوەی متمانە لە تیمێك لە تیمەکانی چاودێری یان تاکێکی نێو تیمی چاودێران لەم هەڵبژاردنانە

(هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق) یان ئەو هەڵبژاردنانەی کە بەدوایدا دێت .

دەکرێت تانە بگیرێت لە بریارە کۆتاییەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران (دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان) لایەنی ڕێپێدراوە بۆ ڕوانین لە تانەکان بە گوێرەی حوکمەکانی بڕگە (٤) لە ماددەی (٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو .

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

رۆژی دیکە دەیگۆڕین

١٩

بەرەو گۆڕا

٥٧

التغيير CHANGE گۆڕان

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 10 Date. 6-7-2009 ٦-٧-٢٠٠٩ ژمارە: (١٠)

هاوڵاتییەکی شاری هەولێر: دەنگ بەو لیستەدەدەم کە دوایی بتوانم لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەم

بۆ ل ٤



پەیامی نەوشیروان مستەفا لە بواری داراییدا:

کەسانێ هەن موچەی مانگانەیان زیاتر لە ١٠ ملیۆن دینارەو پێشمەرگەیەکیش کە حکومەتی هەرێم رەوانەی موسڵو دیالەو تکریتو کەرکوکی ئەکا مانگانەی ١٩٠ هەزار دینارە

بۆ ل ٣

ماڵپەڕێکی ئەمریکی:

هاوڵاتییانی کوردستان ئۆمێدیان بە لیستی گۆڕانە

بۆ ل ٥

بۆ لە گەنجان کەوتنە تەقە

عەدنان عوسمان

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنو خۆئامادەکردن بۆ لیستی گۆڕان گەنجان بە جۆشو خرۆشێکی لەڕادەبەدەرەوە پێشوازییان لەم هەنگاوە کردو بوون بە دینەمۆیەکی بەهێزی ئەم جوڵانەوەیەو لە هەموو شارەکانی کوردستان بە شەوقێکی زۆرەوە سەر قافڵەی گۆڕانن. لە هەموو شوێنەکان سەرپەرشتی تیمەکان دەکەن، کۆڕدەگێڕن ،سەردانی ماڵان دەکەن، نامە دەنێرن، پۆستەرو رۆژنامەو بڵاوکراوەکان دابەشدەکەن، تیمە مەیدانییەکان بەڕێدەخەن، سەردانی ناوچەو دێهاتەکان دەکەن، وێنەیەکی جوانی دڵگەرمیو خۆشحاڵیو شادومانی رۆژانە لە نێو شارو شەقامەکان پێشاندەدەن، بە ئەوپەڕی رێزگرتن لە سیما مەدەنییەکانو کەشو هەوای هێمنی شارەکان، نمایشی لایەنگیریو جۆشو خرۆشی خۆیان دەکەنو ئامادەکاری بۆ جەژنی سەرکەوتنی گەورە دەکەن.

ئەم حەماسەتە گەنجانەیە کە سەرانسەری کوردستانی گرتۆتەوەو رۆژ دوای رۆژ لە پەرەسەندندایە، بوەتە هۆی شڵەژانو خەمۆکی بۆ هەندێک لایەنی ئەم وڵاتە کە توانای گەنجی تەنیا لە گوێڕایەڵیو چەپڵەلێدانو کۆیلایەتیدا دەبینن. ئەوان زادەی عەقڵێکی پیرانەی بەسەرچوونو ناتوانن ئایندە بخوێننەوە، بە پەژارەوە دەڕواننە ئەم هاتنە پێشەوەیەی لاوانی وڵات. گەنج لای ئەوان نەوەی نوێو تواناو وزەو ئایندە ناگەیەنێت، هاوارو نەعرەتەی لاوان بە توڕەییەکی رەوا سەیر ناکەن بۆ هەموو ئەو نەهامەتییانەی رووبەڕووی گەنجانی ئەو وڵاتە بوەتەوە، بەڵکو تەنیا یەک دیوی دەبینن ئەویش هەڵچونو ئاژاوەیە، بینینی دیمەنی لاوانی توڕە لەم دۆخەی ئێستاو دڵخۆش بەو گۆڕانەی بەڕێوەیە ترسێکی گەورەی خستوەتە دڵی هێزە تاریکەکانەوەو دەیانەوێت بەهەر شێوەیەک بێت لەکەداری بکەن. ئەوان لە بیری خۆیانی دەبەنەوە کە:

- ئەوانەی شۆڕشی نوێیان دەستپێکردەوەو رابەرایەتیی شۆڕشو هێزی پێشمەرگەیان دەکردو هیوایەکیان بەم گەلە بەخشی لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی نەتەوایەتیماندا گەنجانێک بوون لە تەمەنی ئەم گەنجانەی ئێستا.
- ئەوانەی خەباتی نێو شارو زیندانو شاخو زانکۆو قوتابخانەکانیان دەستپێکردو سیمبولی خۆڕاگری گەل بوون، هەر لە تەمەنی ئەم گەنجانەی ئێستا بوون.
- زۆرینەی سەرکردەکانمان کە سەرکردایەتیی جوڵانەوەی کوردایەتییان دەکرد هەر لە تەمەنی ئەم لاوانە بوون.
- هەمیشەو لە هەموو دنیادا گەنجان سەرقافڵەو دینەمۆی جوڵانەوە نوێکان بوونو شەقامەکانیان دەکردە سەنگەری بەرەنگاریو خستنەڕووی دروشمە نوێکان.
- گەنج بۆ خۆی ئەوەندەی مەدلولێکە بۆ بیری نوێ، عەقڵی نوێ، گۆڕانو پێشکەوتن، ئەوەندە رەنگدانەوەی تەمەنو سیما نییە.

بەکورتی، ئەوان لە جۆشو خرۆشو حەماسەتی گەنجانی کوردستان کە رابەرایەتیی لیستی گۆڕانو گۆڕانکاری دەکەن لە کوردستاندا کەتونەتە تەقەو توشی هیستریای گەنج بوون.

www.netkwe.com

پەیامی نەوشیروان مستەفا لە بواری داراییدا:

کەسانێ هەن موچەی مانگانەیان زیاتر لە ١٠ ملیۆن دینارەو پێشمەرگەیەکیش کە حکومەتی هەرێم رەوانەی موسڵ و دیالەو تکریتو کەرکوکی ئەکا مانگانەی ١٩٠ هەزار دینارە

(ی ن ک) هەمو مانگێ زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دۆلار واتە رۆژی زیاتر لەیەک ملیۆن دۆلار (کە لە ساڵێکدا لە ٣٦٠ ملیۆن دۆلار تێ ئەپەڕێ) لە بودجەی ئیدارەی سلێمانی و گەرمیان وەرئەگرێ بێ ئەوەی کەس، تەنانەت ئەندامەکانی سەرکردایەتی، ئاگاداری جۆری سەرفکردنی بن

خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش

لە دوای ڕاپەڕینەوە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئەو سەردەمەی یەکگرتو بو، چ ئەو سەردەمەی دوای دابەشبونی ئیدارە بۆتە دو وەزارەتی دارایی، سەرچاوەی دارایی داهات و خەرجی ئاشکرا نەکراوە بۆ خەڵک تەنانەت بۆ زۆرایەتی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکان.

لە دوای روخانی رژێمی بەعسەوە کە ئیتر هەرێمی کوردستان ١٧٪ ی داهاتی عێراقی پێ براوە و لە ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٥ ملیار (واتە ٢٥ هەزار ملیۆن دۆلار) هاتۆتە کوردستانەوە، جگە لە داهاتی هەرێم خۆی، بێئەوەی وردەکاری جۆری خەرجکردنی ئەم پارە زۆرە رون بکرێتەوە.

بۆ نمونە: ی ن ک هەمو مانگێ زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دۆلار واتە رۆژی زیاتر لەیەک ملیۆن دۆلار (کە لە ساڵێک دا لە ٣٦٠ ملیۆن دۆلار تێ ئەپەڕێ) لە بودجەی ئیدارەی سلێمانی و گەرمیان وەرئەگرێ بێئەوەی کەس، تەنانەت ئەندامەکانی سەرکردایەتی، ئاگاداری جۆری سەرفکردنی بن.

ئەمە سامانی هەمومانە، سامانی هەمو خەڵکە، خەڵک هەقی هەیە بزانێ چەندە و چۆن سەرف ئەکرێ، ئێمە ئەمانەوێ عەدالەت لە دابەشکردنی سامانی وڵاتەکەماندا هەبێ و شەفافیەت لە جۆری سەرفکردنی دا هەبێ.

بۆیە لیستی گۆڕان کار ئەکا بۆ ئەوەی:

١) داهات و خەرجی هەرێم کە پێکدێ لە داهاتی ناوخۆ لەگەڵ لە١٧٪ کە لە بەغداوە دێ. بە ئاشکرایی و بەروونی هەموو ساڵێ لە پەرلەمانی کوردستاندا باس بکرێ و وردەکارییەکانی گفتوگۆی لە سەربکرێ و لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو بکرێتەوە.

٢) هەیئەتێکی نەزاهەتی سەربەخۆ لە کەسانی بێلایەن و ئازا و شارەزا بە هاوکاری لە گەڵ هەیئەتی نەزاهەی عێراق دابمەزرێ و دەسەلاتی لێپرسینەوەی دارایی هەمو کەس و لایەن و دەزگایەکی حکومەتی و گرێبەستی نهێنی و ئاشکرای هەبێ.

٣) یارمەتیدانی دارایی حیزبەکان، بەبێ جیاوازی، بە قانون ڕێکبخرێ و بودجەی حیزبەکان ملکەچی لێپرسینەوەی هەیئەی نەزاهە و چاودێری دارایی و پەرلەمان بێ.

٤) ڕێگە نەدرێ بە کەسان و لایەنی دەسەلاتداری حیزبی و حکومەتی کە نفوزی خۆیان لەبازار و بازرگانی کەرتی تایبەتدا و لە کاروباری ئابوری و دارایی کەرتی گشتیدا بە کاربهێنن، بە قانون ڕێگەیان لێ بگیرێ و سەرپێچیکەر لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ و سزای قانونی بدرێ.

٥) سیستەمی موچەی کارمەندانی حکومەت سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە. یەکێ لە ڕێگەکانی دابینکردنی دادی کۆمەڵایەتی دەستکاری موچەی مانگانەی کارمەندانی حکومەتییە. جیاوازی لەنێوان بەرزترین موچە و نزمترین موچەدا هەندێ جار ئەگاتە دوسەدجار کە ئەمەش بێدادییەکی ئاشکرایە لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی دا.

بۆ نمونە: کەسانێ هەن موچەی مانگانەیان زیاتر لە ١٠ ملیۆن و لە ٧ ملیۆن و لە ٥ ملیۆن دینارە و کەسانێ هەن موچەی مانگانەیان ١٤٠ هەزار دینارە و پێشمەرگەیەک کە حکومەتی هەرێم رەوانەی موسڵ و دیالە و تکریت و کەرکوکی ئەکا سنوری هەرێمی کوردستان لە دەستدرێژی بپارێزن ١٩٠ هەزار دینارە.

بۆیە ئەبێ:

یەکەم، سیستمی موچە بە جۆرێ ڕێکبخرێتەوە لەگەڵ لایەنی کەمی بودجەی مانگانەی دابینکردنی پێویستیە بنەڕەتەکانی خێزاندا بگونجێ.

دووەم، موچە زۆرەکانی پلە تایبەتیەکانی ێ و ب و وەزیر و ئەندام پەرلەمان و مەکتەب سیاسییەکان کەم بکرێتەوە و لە بەرامبەر ئەوەدا موچە نزمەکانی کارمەندانی پلەکانی خوارەوە بەرزبکرێتەوە بەجۆرێ کە ژیانێکی ئەوتۆ بۆ کارمەندێکی ئاسایی دابین بکا کە شایستەی مرۆڤی سەردەم بێ.

٦) قانونێ دەربکرێ بۆ گێڕانەوەی هەمو ئەو بینا و زەوی و مومتەلەکاتی حکومەت کە لە لایەن حیزبەکان و کەسانی دەسەلاتدارەوە داگیر کراون بۆ دەولەت.

لە بازیانەوە بۆ گەڕان

دیار ئەحمەد

لەشارۆچکەی بازیان بۆ پشتگیریکردن لیستی گۆڕانو ڕێزلێنان لە ئەندامانی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان سەدو یانزە لاوی بازیان بەپەنجاو حەوت پۆستەری لیستی گۆڕان بەڕێکەوتن بەرەو گردەکەی زەرگەتە تاپشتگیری خۆیان بۆلیستی گۆڕان پیشان بدەن.

گەنجانی بازیان بە شێوازێکی هێمنانە و بەدەم دروشمی جۆراجۆر دژ بە دەستوری پەرمانی ماوەبەسەرچوو، گەندەڵی ئیداری، نەبونی یاسا، دەسەلاتی حکومەتی بەحیزب کراو، خواردنی بودجەیو میللەتو نەبوونی مافی گەنجانو ژنان وئافرەتان لە کوردستان خۆیان گەیاندە گردی زەرگەتەو لەلایەن نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕانو بەرپرسانی دیکەوە پێشوازییان لێکرا.



شەقامی «گۆڕان»

هێمن لهۆنی

لەگەڵ هاتنی ئێوارەدا زۆرێک لە خەڵکی سلێمانی بە گەنجو پیرەوە بەرەوە شەقامی سەهۆلەکە بەڕێدەکەونو بەشداری دەکەن لە کەرنەڤاڵەکانی پالپشتی لیستی گۆڕانو ئالای مۆمەکە دەدرەوشێنەوە، سەهۆلەکە بەدرێژایی (١٨) ساڵی ڕابردوو شوێنێک بوو بۆنمایشەکانی دەسەلاتو پیشاندانی بە جیهان، تەنیا شەقام بوو کە دەسەلات شانازی پێوەبکاتو بیکاتە ماسکێک بۆ کەموکوڕییەکانی لە سلێمانی، لەگەڵ هەر بۆنەو فیستیڤاڵێکدا ئەو شەقامە بە حیزبی دەکراو لە شاشەکانی کەناڵە ناوخۆییو سەتەلایتەکاندا پیشان دەدرا، بەڵام ئەمڕۆکە جیاوازە میللەت هۆشیارە ئەوانەی پێیانوابوو کە میللەتی کورد لەگەڵ دەسەلاتدارەو هەرکەسێک هێزی هەبێت چەپڵەو نمایشی بۆ دەکات هەڵەبوو، لەگەڵ دەستپێکردنی کەمپەینی هەڵبژاردنەکان خەڵکی ئێستا دێنە شەقامی سەهۆلەکەو چەپڵە بۆ موعارەزە لێدەدەن، میللەت هۆشیارەو سەلماندی کە ئەوان لەگەڵ گۆڕانن، شەقامی سەهۆلەکە ئەمڕۆ بووەتە نمایشی موعارەزەو دەسەلات بەکزی دەبینرێت، ئەمە نیشانەی پێشکەوتنێکی نەوعییەو جێگای سەرسوڕمانی زۆرێکە لە خەڵکی، میللەت ئەمڕۆ سەلماندی کە بەدوای موعارەزەیەکی خاوەن بەرنامەو ئیرادەدا دەگەڕێتو ئامادەیە بە دەسەلات بڵێت نا، جێگای خۆشحالیە بۆ هۆشیاری سیاسی خەڵکی خۆراگری سلێمانیو گشت ناوچەکانی کوردستان. لە وڵاتانی دەرەوە زۆرجار بە ڕووداوێک ناوی شەقامو شوێنەکان دەگۆڕێنو بە ئەمری واقیع ناوێکی بۆ فەرز دەکات، ئەمڕۆش کەرنەڤاڵەکانی شەوانی سلێمانی فەرزی ناوی گۆڕانی کرد بەو شەقامەی کە دەسەلات شانازی پێوەدەکرد. بمانەوێتو نەمانەوێت «سەهۆلەکە» ئێستا شەقامی گۆڕانە.

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

د. ژووان جەمال ڕەشید:

گروپی ژنان لە لیستی گۆڕاندا، هەوڵدەدەن بەیەکەوە ئەجێندایەکی تایبەتیان هەبێت بۆ ژنانو کێشە کۆمەڵایەتیەکان



بەڕەو گۆڕان: گروپی ژنان لە لیستی گۆڕاندا کەیەک لەسەر سێی ژمارەی پاڵێوراوانە، هەوڵدەدەن بەیەکەوە بەرنامەیەکو ئەجێندایەکی تایبەتتان هەبێت بۆ ژنانو کێشە کۆمەڵایەتییەکان؟

_ ڕۆژانە جۆرەها توندوتیژیی لە سەدەی بیستو یەکدا دژی ژنانمان دەکرێت مافیان دەخورێت، بێئەوەی ئەو کەسانەی کە ئەم توندوتیژیانە بەرامبەر ژنان دەکەن سزا وەربگرن لە ژێر رکێفی حزبدا خۆیان حەشاردەدەن سەرەڕای ئەوەی کە چەندین دامودەزگا هەیە بۆ پاراستنی مافی ژنان هەروەها دەبینین کەوا (١٧) ساڵە پەرلەمانمان هەیە تائێستا نەیتوانیوە یاسایەک دەربکات بۆ ڕێزگرتن لە ئەنجامدانی توندوتیژیی دژی ژنان، پاراستنی مافەکانیان. بەڵێ وەک گروپی ژنان هەوڵمان داوەو ئەجیندایەکی تایبەتمان هەیە بۆ ژنانو کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

بەڕەو گۆڕان: لە بواری کارەکەی خۆتاندا پێتانوایە دەبێت چ گۆڕانکارییەک بکرێت؟

– وەک مامۆستایەکی زانکۆش پێوستە یەکەم شت کە لە زانکۆدا بکرێت دەبێت دەستێوەردانی حزبی لە زانکۆ دووربخرێتەوە، چونکە وەک هەمووان دەزانین زانکۆ شوێنێکی ئەکادیمیەوە بەرزترین ئاستی زانستییە کە خوێندکار پێدەگەیەنێت بۆ خزمەتکردنی هەموو کۆمەڵگا، هەروەها دانانی مامۆستاو سەرۆک بەشو ڕاگرەکان بەپێی بڕوانامەو ئاستی زانستیانو بە ئەلیکترۆنکردنی سیستمی زانکۆی و بەستنەوەی زانکۆ ناوخۆییەکانی هەرێم بەیەکەوە، بە زانکۆکانی عیراقو جیهان، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو ئەکادیمی مامۆستایان، پەیڕەوکردنی فێرکاری بەردەوام بە پێی پێوەرە جیهانیەکان، کاراکردنی لێکۆلینەوەی زانستی بەجۆرێک بچێتە خزمەتی پلانی ستراتیژی هەرێم، خزمەتی لایەنی ڕۆشنبیریو زانستیو تەکنیکی هاوڵاتیان، وەرگرتنی خوێندکاران بە گوێرەی پلانی پێشوەخت،سازدانی گەشتی زانکۆی بۆ خوێندکاران بە گوێرەی پسپۆڕییان. وەک پزیشکێکی ددان پێموایە دەبێت گۆڕانکاری بکرێت لە بواری تەندروستیدا وەک لە بەرنامەی لیستەکەشماندا هاتووە، پێویستمان بە دامەزراندنەی ژێرخانی کەرتێکی تەندروستی تۆکمەیە بەگوێرەی ستانداردە جیهانییەکان، پەیڕەوکردنی سیستمێکی نوێ بۆ تەندروستی کە تەنیا حکومەت پارە لە کەرتی گشتیدا سەرفنەکات، بەڵکو بە گوێرەی پێوست خزمەتکردنی تەندروستی لە کەرتی تایبەت بکرێتو بێبەرامبەر یان بەرامبەر نرخێکی ڕەمزی بیداتەوە بە هاوڵاتییان، دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە لەناو نەخۆشخانەکاندا لەنێوان هەموو کادیرە تەندروستییەکانو نەخۆشدا، لێپێچینەوەی یاسای لەهەر کەمتەرخەمێک دەرهەق بە ژیانو تەندروستی هاوڵاتییان ئەنجامبدرێت، بەرزکردنەوی ئاستی زانستیو پیشەی پزیشکو کارمەندە تەندروستییەکان، پەیڕەوکردنی فێرکاری پزیشکی بەردەوام بە پێی پێوەرە جیهانیەکان، کردنەوەی سەنتەری پزیشکی لە پسپۆرییە وردەکان، دانانی دەستەیەکی پسپۆڕ بۆ چاودێریکردنی نەخۆشخانە ئەهلییەکانو بەخشینی پلەبەندی پێیان بە گوێرەی ستانداردی جیهانی، پێڕەوکردنی سیستمی بیمەی تایبەت بۆ هەژارو لێقەوماو خاوەن پێداویستی تایبەت، چاودێرکردنی جۆری دەرمانو بەرزکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی کۆمەڵگا.

پرۆفایل:

– ژووان جەمال ڕەشید لە (١٩٨١) لە سلێمانی لە دایکبووە. خەڵکی قەزای پێنجوێنە.
– لە (٢٠٠٧) بڕوانامەی ماستەری بە پلەی نایاب بەدەستهێناوە
– ئێستا مامۆستای زانکۆیەو لە (٢٠٠٤) کە سەندیکای پزیشکانی ددان دامەزرا، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی.

کاروان سالح ئەحمەد:

گرنگی لیستی گۆڕان نەهێشتنی گەندەڵی و ڕەتکردنەوەی تاکڕەوی و ناعەدالەتییە لە کۆمەڵگەکەماندا



سامان بەشارەتی

کاروان سالح ئەحمەد، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە دیمانەیەکی بەڕەو گۆڕان ئاماژە بە دروستبوونی لیستی گۆڕان دەکاتو پێیوایە گرنگی لیستی گۆڕان گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ گەڵو ڕەتکردنەوەی تاکڕەوی و ناعەدالەتی لەناو کۆمەڵگەو نەهێشتنی گەندەڵی لە سیستمی ئیداری لە هەرێمی کوردستان.

بەڕەو گۆڕان: گرنگی بوونی لیستی گۆڕان چییە لەم قۆناغەدا؟

* گرنگی لیستی گۆڕان گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ گەڵو ڕەتکردنەوەی تاکڕەویی و ناعەدالەتی لەناو کۆمەڵگەو نەهێشتنی گەندەڵی لە سیستمی ئیداریی لە هەرێمی کوردستان. هەژدە ساڵە کۆمەڵانی خەڵک دانیان بەخۆیاندا گرتووە لە بەرامبەر ئەو هەموو نادادپەروەریەو زوڵمو ستەمانەی لە خەڵک کراوە، بەبیانوی جیا جیاو لە بواری جیا جیا، بەو سیستمە سەقەتەی پاوانخوازیە بێسەروبەریەی کە بیانوی بۆ خەتەر لەسەر ئەزمونی کوردیو ساوایی حکومەتو بارودۆخی ناوچەکانی کوردستانو زۆر شتی دیکە کە وایکرد گەندەڵی بچێتە ناو تەواوی دامودەزگاکانی کوردستان، تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمەش وایکردووە کە کۆمەڵگەی کوردی هەراسان بێت، چیتر ئەم دەسەڵاتەی قبوڵ نەبێت، بۆیە گۆڕان حەتمیەتێکی مێژوویی و هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگری لەبەردەم شەرعیەتو ڕەوای گۆڕاندا بکات، بۆیە پێموایە گۆڕان قۆناغی یەکەمو دڵەڕاوکێی لەلای خەڵک بڕیوە، هاتنەکایەی بەدامەزراوەییکردنی گۆڕانو بەرنامەکانی تادێت ڕوونو ئاشکراتر دەبنو لە خەونەوە بوون بە هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر.

بەڕەو گۆڕان: بەرنامەی لیستەکان هەمووی بەڵێنی گەورەی تێدایە بۆ خەڵک، لیستی گۆڕان دەیەوێت بەچ ئالیەتێکو میکانیزمێک بیسەلمێنێت کە دەتوانێت بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات؟

* لیستی گۆڕان دەتوانێت بەڵێنەکانی بهێنێتەدی ئەوەیە کە لەناو کەشوهەوای گەندەڵیو فەوزای بێسەروبەری دەسەڵات بۆ تەواوی کەسایەتییەکان، لیستی گۆڕان دەستبەردار بووە لە پۆستو پلەوپایەو ڕەتکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی تاک، هەڵگرتنی پەیامی هەقخوازییو کرنوش نەبردن بەرامبەر بە ئەوانەی لەناو چوارچێوەی پەیامی لیستی گۆڕاندا لەنێوان خۆشگوزەرانی یان هەڵوێستی جوامێرانە لەگەڵ تاقمێکی دەسەڵاتدا دەبین یان دەکەوینە سەنگەری گەڵو نیشتمان، باشترین بەڵێنە کە ئێمە داومانە دەستمان لە هەموو بەژەوەندییە کەسییەکانی خۆمان هەڵگرتووە، دەمانەوێت بڵێین ئێمە ئێستا لەناو میللەتی خۆماندا پشت ئەستورترین نەک لەناو تاقمێک کە ڕۆژیان لە ئاوابوونە، بۆیە لیستی گۆڕان بەشێک لە ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێکردووە، بەشەکەی دیکەشی ئیلتیزامی ئەخلاقییە کە چووە دەسەڵات بەرنامەکەی جێبەجێ دەکات.

بەڕەو گۆڕان: لیستی گۆڕان تاچەند دەتوانێت ڕێگربێت لە هەموو نادادپەروەرییەک کە بەشێوەیەکی فراوان لە هەرێمی کوردستان ڕەگی داکوتیوە؟

* چەند کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆرترو جدیتر لە دەوری لیستی گۆڕان کۆببنەوەو پشتیوانی لێبکەنو دەنگی پێبدەن، ئەوەندەش لیستەکەمان ڕێدەگرێت لە ناعەدالەتییەکانو بەشەرعیەتی یاسایو دامەزراوەکان پشتیوانی جەماوەری کوردستان نا عەدالەتی گەندەڵی لە ڕەگو ڕیشەوە هەڵدەکەنێتو لە سەرتاسەری هەرێمدا سیستمێکی دیموکراتیو پێشکەوتوو بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتیو فەراهەمکردنی تەواوی مافەکانی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەک یەک لە بەرامبەر یاسا سەروەر بێت لەسەر هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، لیستی گۆڕان بە دەوڵەمەندترین بەرنامە دادەنرێت تائێستا لەگەڵ سەرکەوتنی ئەم لیستە قۆناغ بە قۆناغ بەرنامە جێبەجێدەکات.

بەڕەو گۆڕان: وەک کاندیدێک بەرنامەی خۆت چییە ئەگەر چوویتە پەرلەمانی کوردستان؟

* وەک کاندیدێکی لیستی گۆڕان دوو بەرنامەم لە پێشە ئەگەر زۆرینەی کورسییەکانمان هێناو چوویتە دەسەڵات، یەکەمیان تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت پاک بکەینەوە لە گەندەڵیو ئەو فەزایەی ئێستا خەڵک گیرۆدەیەتی بە یاساو سیستمێکی مۆدێرن بینای دەسەڵاتێکی دادوەرانە کە تیایدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نەهێڵانی حکومەتی حیزبیو زانکۆی حیزبیو دادگای حیزبیو پەرلەمانی حیزبیو پەروەردەی حیزبی لە تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت پاکبکەینەوە، بەرنامەی دووەممان ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بووین وەک لیستی گۆڕان بەڵێن دەدەین کە لە بەرامبەر ئەرکەکانمان ئازایانەو بوێربین، بۆئەوەی پەردە لەسەر هەموو شتە شاراوەکانی ناو پەرلەمانو حکومەت هەڵبدەینەوەو جەماوەری لێبەئاگا بهێنینو ئەوکات ئەرکو مافەکانمان جێبەجێ دەکەین، هیواشم وایە لیستی گۆڕان بە پاڵپشتی خەڵکی کوردستان دەنگێکی باش دەهێنێتو دەتوانێت سارێژی برینەکانی هاوڵاتیانی کوردستان بکات.

پرۆفایل:

کاروان سالح ئەحمەد، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٧٣) بۆ (١٩٧٤) چوومتە ریزی شۆڕشی ئەیلول، لەساڵی (١٩٧٦) چوومتە ریزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەساڵی (١٩٨٠) پەیوەندیکردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لە بواری ڕێکخراوەیی و سەربازیی کاریکردووە لە سنووری دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی. خاوەنی نۆ شەهیدی بنەماڵەکەیەتی. دوای ڕاپەڕین کارگێڕی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بووە. بەرپرسی ڕاگەیاندنو puktvو دامەزرێنەری ڕادیۆی هەولێر بووە. ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بووە.

کوردستانی دەوڵەمەند بەنەوت گەندەڵی دایدەپۆشێت

ماڵپەڕێکی ئەمریکی: هاوڵاتییانی کوردستان ئومێدیان بەلیستی گۆڕانە

سەرکەوت لەتیف

ماڵپەری مارکێتپلەیس، کە ماڵپەڕێکی ئەمریکییە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی بواری ئابووری و نەوت، لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان باس لە تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە هەرێمەکە دەکات، کە نەوتی هەرێمەکە نەبووەتە هۆی خۆشگوزەرانی هاوڵاتییانی هەرێمەکەو کۆمپانیای بیانیەکانیش بەهۆی بوونی گەندەڵی زۆرەوە هەستیارن بەرامبەر ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لەبواری نەوتو گازدا.

لە کۆتایی ئەم مانگەدا هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی ئەنجامدەدات، کوردەکان لەدوای ساڵی(١٩٩١)ەوە سەربەخۆییەکی سیاسیو سەربازییان بەدەستهێناوە، خۆیان هەرێمەکە بەڕێوەدەبەن، داهاتی نەوتو گازی سروشتی هەرێمەکەش بە دەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بۆیە هەمووان چاویان لەوەیە کە کێ هەڵبژاردنەکان دەباتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کوردەکان چەندین ساڵە لەپێناو خۆ بەڕێوەبردن خەباتیانکردووە، ئێستا بەرهەمی خەباتەکەیان بە ڕوونی دیارە، بەڵام ئێستا هاوڵاتیانی هەرێمەکە بیزارنو گەندەڵی لە هەرێمەکە تەشەنەدەسەنێتو پارتە دەسەڵاتدارەکان بە سەدان ملیۆن دۆلار لە سەروەتو سامانی هەرێمەکەیان دەبەنو بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەکاریدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی بەرپرسە باڵاکانی ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە لەوە ئاگادارنین کە پارتەکانیان مانگانە چەندە لە بودجەی گشتی دەبەن، «بۆنموونە محەمەد مەلا قادر، کە بەرپرسێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانە، بێئاگایە لەوەی پارتەکەی مانگانە چەند لە حکومەت وەردەگرێت» من نازانم، پارتی چەند لە حکومەت وەردەگرێت، چونکە من بەرپرسیارێتی ئەوەم نییە لە حیزبەکەمدا کە ئاگاداری بودجە بم».

ئەوە تەنیا بەرپرسە حیزبییەکان نین کە لەمە بێئاگان، بەڵکو بەرپرسانی حکومی لە ئاستی باڵادا ئاگادارنین مانگانە ئەو دووپارتە چەندە لە بودجەی گشتی دەبەن، دکتۆر فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، لەم ڕووەوە دەڵێت: «من نازانم، ئەوە لە پەرلەمان بپرسە».

هەرچەندە زانیارییەکان زۆر نهێنیش نین، بۆنمونە محەمەد تۆفیق، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی پێشووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاماژە بە دانپێدانانێکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکات، کە لە یەکێک لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا دانی بەوەدا نابوو کە هەریەک لە یەکێتیو پارتی مانگانە بڕی (٣٥) ملیۆن دۆلار وەردەگرن، سەرۆکی پەرلەمان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە ئەوەی پشتڕاستکردووەتەوە کە ئەو دووپارتە چەندە پارە وەردەگرن.

بەپێی ئەو ڕونکردانەوانەو لێکۆڵینەوەکانی ئێمە هەریەک لە پارتیو یەکێتی کە دوو پارتی سەرەکی کوردستانن و حکومەت بەڕێوەدەبەن، ساڵانە بڕی (٨٤٠) ملیۆن دۆلار لە بودجەی گشتی دەبەن و ئەم پارەیەش بۆ بەرژەوەندی بەرپرسە باڵاکان و بەشێکیشی بۆ کارمەندانی حیزبو کارمەندی میدیا حیزبییەکان بەکاردهێنرێت.

محەمەد تۆفیق ڕونیشی کردەوە «ئەم دووپارتە دەست وەردەدەنە بازاڕ، کاروباری کۆمپانیاکان، کۆنتراکتەکان»، بەڵام ئاسۆس هەردی، کە خۆی بەرپرسی کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندنە، پێیوایە ئەو دوو پارتە تەنیا بودجە لە حکومەت وەرناگرن، بەڵکو لەڕێگەی کۆمپانیای تایبەتو وەهمییەوە دەبنە خاوەن پشکی شێر لەو کۆنتراکتانەی کە بۆ کۆمپانیایەکی ئەهلی دەردەچێت، بێئەوەی هیچ پارەیەکیش سەرفبکەن پشکی شێری کۆنتراکتەکانی پرۆژە حکومیەکان بۆخۆیان دەبەن.

ئاسۆس لەم ڕوەوە وتی: «هەر کۆمپانیایەک بەمە ڕازی نەبێت ئەوە ڕەنگە هەرگیز هیچ پرۆژەیەکی بۆ دەرنەچێت، ئەگەر پرۆژەشی بۆدەربچێت کێشەیەکی زۆری بۆ دروستدەکەن، زیانی مادی زۆری پێدەگەیەنن، ڕەنگە دواجار ئیفلاسیشی پێببێنن.»

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، دانی بەوەدا نا کە گەندەڵی لە هەرێمەکەیدا هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لەم هەرێمە زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی کوردنو ئەو کێشەی کە لە عێراق هەیە کە بەهۆی دابەشبوونی تایفییەوە هاتووەتە ئاراوەو گەندەڵی تەشەنەی کردووە، لە کوردستان بوونی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا فواد حسین پێوایە ناتوانرێت بەخێرایی کۆتایی بە گەندەڵی بهێنرێت، «گەندەڵی بووەتە کلتور، ئەخلاقیات خەریکە نەمێنێت، بۆیە ڕوبەڕووبوونەوەی گەندەڵی یەکجار قورسە».

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی داوای لە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەناوی (کۆمپانیای هاریکاری نێودەوڵەتی دراوی) کردووە کە هاریکاری بکات، لەکاتێکدا کاری ئەم کۆمپانیایە ئەلکترۆنیو تۆمارکردنە، نەک ئیداریو سیاسی، لەکاتێکدا هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە بوونی گەندەڵی لە هەرێمەکەیان بۆ هۆکاری سیاسیو هاوپەیمانی دوو حیزبەکە دەگێڕنەوە.

لە ئێستادا لیستێکی نوێ بەناوی لیستی گۆڕان، کە نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکات، وەک لیستێکی نەیارو ڕکابەر بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکاتو بەرپرسانی لیستەکە هیوایان وایە بتوانن زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنن بۆ کۆتاییهێنان بەگەندەڵی، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ڕەنگە لیستی گۆڕان دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنێت، بەڵام زۆرینە نابێت.

> **حەمە تۆفیق ڕەحیم: ئەو دوو پارتە تەنیا بودجە لە حکومەت وەرناگرن، بەڵکو لەڕێگەی کۆمپانیای تایبەتو وەهمییەوە دەبنە خاوەن پشکی شێر لەو کۆنتراکتانەی کە بۆ کۆمپانیایەکی ئەهلی دەردەچێت**

> **محەمەد مەلاقادر: من نازانم، پارتی چەندە لە حکومەت وەردەگرێت، چونکە من بەرپرسیارێتی ئەوەم نییە لە حیزبەکەمدا کە ئاگاداری بودجە بم**

> **د.فواد حسێن: ناتوانرێت بەخێرایی کۆتایی بە گەندەڵی بهێنرێت**



٧/٢٥ ڕاپەڕین لەسلێمانییەوە دەستپێدەکات

شۆخان فەرەج



کە خۆرهەڵات لەبەیانی ڕۆژی دەنگدان، لەدەستێک جلی کوردی سووردا، لەگەڵ لۆگۆی لیستی گۆران، دەڕۆم بەرەو سندوقی دەنگدان.

خۆ من تەنیا یەکجاری تر پێش ئێستا دەنگمداوە. بۆیە ئەو جارەدلم پێی خۆش بوو، چونکە یەکەمجارمبوو دەنگدان بمگرێتەوە، زۆرحەزم دەکرد بۆ یەکەمجار سندوقەکانی دەنگدان ببینم. بەسادەیی لەتوێی پانتۆلێکدا ڕۆیشتم بۆ دەنگدان. خەڵکم دەبینی بەجلی ئاڵو والاوە دەهاتن بۆ دەنگدان. لەخۆمم دەپرسی بۆچی خەڵک بەجلی کوردییەوە دێن بۆ دەنگدان؟ دوایی کەهەر لێی تێ نەگەیشتم، پرسیارم کرد، کاکە بۆچی خەڵک بەجلی کوردییەوە دێن بۆ دەنگدان؟ وتی، لەبەرئەوەی دلیان خۆشە بەپەرلەمان؛ پەرلەمان دەبێت بەماڵی خۆیان، پەرلەمان دەنگو ڕەنگی خەلکە، کێشەکانی خەڵک لەوێدا تاوتوێ دەکرێن. کاکم زۆر بەسادەیی بۆی ڕوونکردمەوە، چەندین شتی دیکەشی پێوتم. بەڵام دوایی کەتوانیم بیربکەمەوە، ئەو شتانەی کاکەم وتنی وا دەرنەچوون.

ئەو پەرلەمانە دەنگو ڕەنگی خەڵکی نەبوو، ئەو پەرلەمانە تەنیا خێرو بەرەکەت بوو بۆ ئەندام پەرلەمانەکان کەخۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، ئەوەی باسی نەکرا کێشەی خەڵکی بوو، تەنانەت نەیانتوانی فرەژنیشم بۆ قەدەغەبکەن، وامهەستدەکرد ئەو پەرلەمانە بەمیکانۆ یاخود لەمەقەبا دروستکرابێت.

بەڵام خۆم دەزانم ئەمجارە بۆچی بەجلی کوردییەوە دەڕۆم، خۆم دەزانم دەنگی من بۆ کێ دەبێت، خۆم دەزانم بەو دەنگەی من ڕاپەڕین بەرپا دەبێت، ڕاپەڕینێک جیاواز لەڕاپەڕینی ٩١، ڕاپەڕینێک دوور لەتوندووتیژی، ڕاپەڕینێک کەتەقەی تێدا ناکرێتو کەسی تێدا ناکوژرێت.

من دەنگدەدەم بەو کەسانەی کە ڕاپەڕینم بۆ دەکەن دژ بەگەندەڵی، دژ بەدزی و فەساد، دژ بەبێڕەوشتی، دژ بەو کەسانەی یاری بەچارەنووسی میللەتێک دەکەن. ڕاپەڕینێک دژ بەپەرلەمانێک کەبڕیارەکانی تا دەرگای دەرەوەی بیناکەی بڕ ناکات، ڕاپەڕنێک دژ بەوانەی کەکەرکوکیان فرۆشت، دەیانتوانی لە٢٠٠٣وە وەریبگرنەوەو نەیانکرد، ڕاپەڕینێک دژی ئەوانەی هێندەی بیریان لای گرێبەستی نەوتە هۆشیان لای وڵاتەکەیان نەماوە، ڕاپەڕێنێک دژ بەهەموو ئەو لێپرسراوانەی منداڵەکانیان بەمۆنیکاوە تەپوتۆز دەکەن بەسەرمنالی فەقیرو هەژاردا، ڕاپەڕینێک دژ بەوانەی بەبراکانی باکورمیان وت تیرۆریستن، ئەوان تیرۆریستن یان ئێوە؟ ڕاپەڕێنێک دژ بەوانەی خەمی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەهی خۆیان نازانن.

کەواتە دەبێت ئێمە هەموومان بەدەنگمان بەشداربین لەو ڕاپەڕینە کە دڵنیام ئەو ڕاپەڕینە ئومێدی هەریەکەمانە.

هاوڵاتییەکی شاری هەولێر «دەنگ بەو لیستە دەدەم کە دوایی بتوانم لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەم، نەک وەکو ئێستا بچێت لە پەرلەمان بخەوێت»

هەولێر: بەرزان عەلی حەمە

من دەنگ دەدەم بەو لیستانەی کە هی حیزب نییە، بۆئەوەی دوایی دەستبکەم بەچاویداو پێی بڵێم بۆچی هیچم بۆ ناکەیت؟ ئەی من تۆم بۆچی هەلبژارد؟ دەنگدەدەم بەو لیستەی کە دوایی بتوانم لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەم، نەک وەکو ئێستا بچێت لە پەرلەمان بخەوێت.

سەعد عەبدولکەریم (٤٥ ساڵ)، کە لەبەردەم دوکانەکەی خۆیدا رۆژنامەیەکی دەخوێندەوە، وای وت.

سەعد دەرچووی پەیمانگایەو وەک خۆشی دەیوت پێشمەرگە بووە لە رێکخستنەکانی هەولێری پارتیدا، وتی: «من ئەوەم بۆ میللەت کرد نەک بۆ حیزب، بەڵام ئێستا بە هیچ شێوەیەک بەردەوام نابم‌و لەگەڵیدا نابم، چونکە ئەوەی کە میللەت داوایکرد، نەکرا».

سەعد ئاماژە بە هوشیارپی خەڵک دەکات‌و دەڵێت: «خەڵک هوشیاربووەتەوەو دەزانێت کە ماوەی هەژدە ساڵە چی بۆکراوە، هەژدە ساڵە حکومەتمان هەیە ئەو خەونەمان نەهاتووەتەدی کە هەمیشە دەمانبینی، ئێستا دەمانەوێت ئەو خەونەمان بێتەدی، با خەڵکی کوردستان زیاتر هوشیاربێتەوەو بزانێت شتی بۆکراوە؟ بەڵام خۆشبەختانە نیسبەتێکی زۆریش وشیاربووەتەوەو تێگەشتووە کە ئەو واقیعەی ئەو دەیویست، ئەوەنییە کە ئێستا هەیە».

سەبارەت بە خودی خۆی سەعد وتی: «حەتمەن ئەمجارەیان کە چووم بۆ هەڵبژاردن، دەنگدەدەم بەو لیستانەی کە تائێستا تاقیمان نەکردووەتەوە، دەنگ دەدەم بەو لیستانەی کە هی حیزب نییە، بۆئەوەی دوایی دەستبکەم بەچاویداو پێی بڵێم بۆچی هیچم بۆ ناکەیت؟ ئەی من تۆم بۆچی هەلبژارد؟ ئێستا لیستی دیکە زۆرەو با خەڵک ئەوانیش تاقیبکاتەوە، چونکە ئەوانەی پێشووی تاقیکردەوەو هیچی بۆ نەکرد».

ئەم هاوڵاتییەی شاری هەولێر ئاماژە بە خراپیی رەوشی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات‌و دەڵێت: «من کە لەم کوردستانە دەژیم، دەبێت مافم هەبێت‌و بتوانم بچمە بەرامبەر هەریەکێک لەو بەرپرسانەو داوای مافی خۆمی لێبکەم، باشە بۆچی من ئەمپێرێک کارەبای موەلیدە بە نۆ هەزار دینار بکرم‌و کەچی مانگی چلوپێنج هەزار دیناریش پارەی کارەبای نیشتمانی (رەئیسی) بدەم؟ ئەم حکومەتە بەمشێوەیە کارەبام بۆ دابین دەکات؟ ئێمە کوردستانی وامان دەویست؟ یان دەمانویست کوردستانێکی دیموکرات بێت بۆ هەموو خەڵک؟ مافی خۆمانە گلەیی لەو سەرکردانە بکەین، چونکە ئێمەی میللەت نەبووینایە، ئەوان بە خەویش ئێستایان نەدەبینی».

سەعد سەبارەت بەوەی ئەگەر پارەیەکی زۆری بدەنێ، دەنگی خۆی دەفرۆشێت؟ وتی: «من بە هیچ شێوەیەک دەنگی خۆم نافرۆشم، لەوەتەی خۆم ناسیوە خۆم بە کوردێکی راستەقینە داناوەو فیعلەن کوردێک بووم کە خزمەتم بەم میللەتە کردووە، بەڵام ئەوەی کە کردم بۆ میللەتم کرد نەک بۆ حیزب، ئێستاش ئامادەم هەموو شتێک بۆ میللەتەکەم بکەم».

سیروان ئیسماعیل (٤٢ ساڵ)، سەعاتچییەو پێی باشە حوکمرانیی دوای هەلبژاردنەکان لە چوار ساڵەوە بکرێتە دوو ساڵ، چونکە وەک ئەو دەڵێت: «هەلبژاردن بەخۆداچوونەوەو نوێبوونەوەیە، بۆئەوەی نوێبوونەوەکە زیاتربێت، بۆئەوەی خەڵک زیاتر بمانناسێت‌و گرنگیمان پێبدەن»، وتیشی: «ئومێد دەکەم ئەم هەلبژاردنە وەکو ئەوانەی پێشتر نەبێت، من واشی نابینم، ئێستا ناتوانین بڵێین لە سەدا پەنجای داخوازییەکانی میللەت هێنراوەتەدی، ئێستاش دەتوانێت زۆرتر بکات، با بەڵێن نەدەنە خەڵکو نەیکەن».

سیروانی سەعاتچی ئاماژە بەوەدەکات ئەگەر ئەمجارە بەڵێنەکان جێبەجێ نەکرێن، خراپ بەسەر لایەنە بەشداربووەکاندا دەشکێتەوە، وتی: «ئیتر میللەت قبوڵی ناکات، ئەگەر گۆڕانکاریی نەکرێت‌و وەکو جارەکانی پێشوو ببێت، بڕوابکەن لە وڵاتانی دراوسێ خراپترمان لێدێت».

ئاسۆ ئەحمەد (٣٣ ساڵ)، لەبەردەم قەڵای هەولێردا دەیویست رۆژنامەیەک بکرێت، وتی: «ئەوەندەی من بزانم‌و دەخوێنمەوە، پێموایە پەرلەمانەکە دەگۆڕێت‌و بەهۆی ئەو هەموو لیستانەی کە بەشدارن پەرلەمانێکی جیاوازتر دەبێت».

ئاسۆ سەبارەت بە فرۆشتنی دەنگی خۆی، وتی: «لە هەلبژاردنەکانی تورکیادا پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی قسەیەکی جوانی دەکرد کە دەیوت دەنگی مرۆڤ شەرەفی مرۆڤە، بۆیە حەیفە مرۆڤ شەرەفی خۆی بە پارە بفرۆشێت، من بە هیچ جۆرێک دەنگی خۆم نافرۆشم‌و یەکلایشبوومەتەوە کە دەنگ بە کێ دەدەم».

بەڵام کاروان عەبدوڵڵا (٣٠ ساڵ)، کە لە چایخانەی مەچکۆ گۆڤاڕێکی دەخوێندەوە، وتی: «پێموایە ئەم هەلبژاردنە تەزویراتی تێدا دەکرێت، من با بزانم بەرنامەی حیزبەکان چییە، ئەوکاتە بڕیاری کۆتایی خۆم دەدەم کە دەنگ بەکێ دەدەم».

کاروان وتیشی: «من بۆیە دەچم بۆ دەنگدان، چونکە حەزم لە گۆڕانکارییە لە کوردستاندا، ئەگەر نەچم دەنگەکەم بەخۆڕا دەڕوات، لە هەلبژاردنەکانی پێشتردا دەنگەکان بەخۆڕا ڕۆشتن‌و تەزویرات کرا».

سەفین تاهیر، یەکێک لەو دە هەزار خوێندکارەی سالی رابردووە کە ناوی لە زانکۆ پەیمانگاکاندا نەهاتووەتەوە، بۆیە بەنیگەرانییەوە باسی لە حکومەتی هەرێم دەکردو دەیوت: «من ئەمسالم ڕۆشت‌و نەمتوانی زانکۆ بخوێنم، چونکە لەو دە هەزار خوێندکارەبووم کە ناومان نەهاتەوە، ئیتر مافمان کوا؟ دەبێت حکومەت چارەسەرێکمان بۆ بکات».

سەفین هەرچەندە نیگەرانیی زۆری پێوە دیاربوو بەوەی کە ناوی لە زانکۆ پەیمانگاکاندا نەهاتووەتەوە، بەڵام ئامادەبوو بچێت بۆ دەنگدان، ئەو وتی: «ئێمە وەکو گەنج کێ خزمەتمان بکات‌و هاوکاری گەنجان بێت، دەنگ دەدەین بەوان، پێموایە هەندێک لەو لیستانەی کە ئێستا هەن، دەتوانن گۆڕانکاریی بکەن».

هاوڕێکەی سەفین لەکاتێکدا سەفین قسەی دەکرد وتی بڵێ «من هژەر چایخانەو ماڵەوەم هەیە ئیتر مافمان کوا»، بەڵام ئەم هاوڕێیەی سەفین ئامادەنەبوو خۆی قسەبکات.

بەرزان حەمەسالح (٢٦ ساڵ)، وتی: «ئێستا ئەو پارەیەی کە دەستم دەکەوێت، نازانم بیدەم بە کرێ خانوو یان مەسرەفی ماڵەوەمانی پێبکەم؟ حکومەت هەتاوەکو بۆ گیرفان پڕکردنی خۆیان بێت، نایدەن بە کەس، من تائێستا دەنگم نەداوە، چونکە پێموایە هەموویان دەوڵەمەندن‌و ئاگایان لە فەقیر نییە».



(٥٧)

گۆڕان بۆ؟

-٩-

نەژاد جەلال



هەڵمەتی پارە بەخشینەوە بەردەوامە، ئەو بودجەیەی سالانێکە تالان دەکرێت ئێستا هەندێکی لە قاسە تاریکەکان دەردەهێنرێت‌و ویژدانەکانی پێدەکردرێت، ئەی ئەوانەی دەسەلات دەیەوێت ویژدانتان بە مادە بکرێت، ئەوەی ئێستا پێتاندەدرێت بەشێکی کەمە لەوەی لە هەمومان دزراوە.

بەرپرسانی کورد لە حکومەتی ناوەندیدا بەلێشاو رویان لە هەرێم کردوەتەوەو کورسییەکانی بەغدایان چۆلکردوە، هەرچۆن بوون‌و نەبوونیان لە بەغدا وەک یەکە، ئاواش هاتنەوەیان بۆ کوردستان‌و بەشداریکردنیان لە هەڵمەتی هەلبژاردنەکانی هەرێم کارێکی نایاساییە، ئالێرەوە ئەو راستییە دەسەلمێت کە ئێوە سەرمەشقن لە پێشێلکردنی یاسادا.

ئەو خاوەنشکۆیانەی کە تەنیا لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەبینران، ئەو سۆپەرمانانەی گوێیان بۆ داواکانی خەڵک نەدەگرت، ئێستا بەزۆر خۆیان دەکەن بە کۆرۆ کۆمەڵەکاندا، خۆیان یەخەت دەگرن چ خزمەتێکتان هەیە بە زیادەوە بیکەین، ترسی لەدەستدانی کورسی زۆرجار لوتبەرزی دەشکێنێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە تاکەکانی کورد دپوی ناوەوەی ئەم ژەنەڕاڵانە ببینن، چونکە ئەوان هەموو بەرەو هەلبژاردنێک بەرگێکی خاکی‌و ئینسانی لەبەر دەکەن، بەڵام داتاکان ئاماژە بەوەدەکەن ئەمجارەیان سودی نییە، ئیتر گەل چەواشەناکرێت، ئا لێرەوە مۆمی گۆڕان داگیرسا.

هەرچۆن بەتالانبردن‌و شاردنەوەی داهات‌و سامانی کۆمەڵانی خەڵک مانای نەبونی مۆراڵو حوکمی میلیشیای دەسەلمێنێت، بەخشینەوەشی لەپێناو دانیشتنەوە لەسەر کورسی کارێکی نایاساییە، ئەگەر لە وڵاتێک بوینایە یاسا سەروەر بوایە دەبوو ئەو خواپێداوانە دوجار لەسەر تالانکردن‌و بەخشینەوەی سامانی خەڵک سزا بدرانایە، بەڵام کاتێک وڵاتی یاسامان نییە سزای سەرپێچیکارانی بااڵ بدات، دەبێت خەڵک بە ویژدانەوە بە دەنگی خۆی سزایان بدات.

لیستی گۆڕان یەکێک لەو ژانانەی پێوەی لە دایکبوە ئەو تالانو بڕۆیەیە کە بەرپرسان‌و خاوەن کورسییەکان پەیڕەوی دەکەن، بۆیە یەکێک لە کارە سەرەکییەکیانی گەڕانەوەی سامانی خەڵکە بۆ دەستی خەڵک خۆی، گۆڕانخوازەکان وەها پەیامێکیان هەڵگرتوە بۆیە رۆژانە کاروانەکەیان قەرەباڵغتر دەبێت‌و بە هێمنی هەنگاوەکان دەبڕن.

ئەی ئەوانەی تائێستا نازانن مانای دادی کۆمەڵایەتی چییە، گوێ لە ئازارەکانی خەڵک ناگرن، وادەزانن پێشکەوتنی وڵات بەندە بە پڕبونی قاسە تاریکەکانتانەوە، وا ئاپۆرای جەماوەر شەپۆل دەدات‌و داوای گۆڕینتان دەکات.

لیستی کوردستانی بەردەوامە لەسەر پێشێلکاریی هەڵبژاردن





فۆتۆ: سەلام حاجی عەلی



فۆتۆ: دڵێر عەبدوڵخالق



فۆتۆ: ئارام نەجیم



قەزای رانیە فۆتۆ: دڵێر عەبدوڵخالق



بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ ڕووماڵکردنی
پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

پەیام و بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

دۆزینەوەی شوێن و دەرفەتی کاری تایبەت بۆ ئەوانەی توانای بەرهەمهێنانیان هەیە، بڕینەوەی موچە بۆ ئەوانەی توانای کاریان نییە

ئەڵقەی دەیەم

٥. ٨. کرێکاران و جوتیاران:

٥. ٨. ١. هاندانی هێزی کاری کوردستانی لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا.

٥. ٨. ٢. کاراکردن و پشتیوانیکردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران بەجۆرێک گوزارشت لە خەم و داواکاریی ئەو دوو چینە بکەن و نەچنە ژێر کاریگەریی دەسەلاتی سیاسییەوە.

٥. ٨. ٣. بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بۆ ئەو کرێکار و جوتیارانەی کە لەکاتی کار و بەرهەمهێنانداً دووچاری گیان لەدەستدان، کەمئەندامی، نەخۆشی و جۆرەکانی تری مەترسی دەبنەوە، خانەنشینکردنی بەسالاچوان لەسەروو تەمەنی شەستو پێنج ساڵییەوە. بەرپرسکردنی حکومەت لە ژیاندن و پێگەیاندنی خۆیان و منداڵە ناکامەکانیان.

٥. ٩. خەنەنیشنان:

٥. ٩. ١. کاراکردنی یاسایەکی تایبەت بە خانەنیشینی، بەجۆرێک شایستەی تەمەنی خزمەت و ماندووبوونی مرۆڤی بەرهەمهێن بێت.

٥. ٩. ٢. پێداچوونەوە بە هەموو ئەو بڕیارە تایبەتانەی کە بۆ خانەنشینکردنی هەندێک کەس، بە موچەی بەرزەوە، دانراوە. بەجۆرێک تەنها یەک یاسای خانەنشینی بەسەر هەموانداً، بێ جیاوازی، جێبەجێ ببێت.

٥. ١٠. خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان:

٥. ١٠. ١. ئەرکی حکومەتە پشتیوانیی مادیی و مەعنەویی و پەروەردەیی و فێرکاریی پێشکەش هەموو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بکات. ئەوانەی بەزکماک یان بەهۆی رووداوەوە ئەندامێکی جەستەیان لەدەستداوە. ئەرکی حکومەتە کە وەک هەموو هاوڵاتیانی تر ئامادەیان بکاتو لە کۆمەڵگەو حکومەتدا جێگەیان بکاتەوە.

٥. ١٠. ٢. داڕشتنەوەی هەموو یاساو ڕێنماییەکان سەبارەت بە پەروەردە، هاتوچۆ، کارگێڕیی، هونەرو ڕاگەیاندن، بەجۆرێک جێگەی خواستی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانییان تێدا ببێتەوە.

٥. ١٠. ٣. دامەزراندن و کاراکردنی ڕێکخراوو دامودەزگای تەندروستی و کۆمەڵایەتی و قوتابخانەی تایبەت بۆ پشتیوانی مادیی و مەعنەویی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

٥. ١٠. ٤. دۆزینەوەی شوێن و دەرفەتی کاری تایبەت بۆ ئەوانەی توانای بەرهەمهێنانیان هەیە. بڕینەوەی موچە بۆ ئەوانەی توانای کاریان نییە.

٥. ١١. پەککەوتەو بەسالاچووان:

پەککەوتەو بەسالاچووان تۆڕێکی پەراوێزخراوی ئەم وڵاتەن. جگە لە دەزگا نەریتییەکانی خێزان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی خزمایەتی، تا ئێستا دامودەزگای یاسایی و تەندروستی و شارستانیی ڕۆڵێکی ڕاستەقینەی نەبینیوە لە ئاوەدانەوە لە ئازارو گۆشەگیریی ئەم تۆڕە، کە نەک هەر مافیان یەکسانە بە مافی هاوڵاتییانی تر، بەڵکو خاوەن مافی زیاترو پێداویستیی زیاترن.

٥. ١١. ١. کاراکردن و چاکسازیی لە دامودەزگاکانی چاودێریی پەککەوتەو بەسالاچووانداً بە دابینکردنی شوێن و کەشی ژیانی لەبار بۆیان لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە.

٥. ١١. ٢. حکومەت پشتیوانیی دارایی پێشکەش بەو خێزانە نەدارانە دەکات کە ئەرکی چاودێریی بەسالاچووان و پەککەوتە دەگرنە ئەستۆ.

٥. ١٢. بازرگان و کاسبکاران:

٥. ١٢. ١. مافی بازرگانی، خاوەندارێتی و قازانج بۆ هەموو کەس، بەپێی یاسا، پارێزراوە. ڕێگریی لەهەر جیاکارییەک کە لەنێوان بازرگانانداً دەکرێت، ڕێگریی لە کەمکردنەوەیەکی دەرفەتی کارو قازانج لەبەردەم هەندێک بازرگاندا بەقازانجی هەندێکی تر، کە بەهۆی خزمایەتی، ئینتمای سیاسی، مەحسوبیەت و بەرژەوەندیی ژێربەژێروە ئەنجام دەدرێت.

٥. ١٢. ٢. هەڵگرتنی هەموو ئەو کەندو کۆسپە بیرۆکراتییانەی کاسبکار، دوکاندار، خاوەن پێشانگا، وەستاو پیشەوەرەکان هەراسان دەکەن. دابەشکردنی خزمەتگوزاریی و پێداویستییە شارستانییەکان بۆ گەشەدان بە بازاڕ بەشێوەیەکی ئاسۆیی.

٥. ١٢. ٣. شۆفێرە گشتییەکانی نێو شارو هێڵەکانی دەرەوە، ئەو تۆیژەن کە بەشێکی گرنگ لە بەرپرسیارێتی و ڕاپەڕاندنی ئەرکی کۆمەڵگەو وڵاتیان لەسەر شانە. ئەرکی حکومەتە کەشێکی دەروونی لەباریان بۆ دابین بکاتو ڕێگە نەدات مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێت. ئەرکی حکومەتە ئۆتۆمبێل و قەرزی درێژخایەنیان بۆ دابین بکات، لەکاتی ڕووداوو لێقەوماندا بە هانایانەوە بچێت و پێداویستیی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکات، لەکاتی پیربوون و پەککەوتندا موچەی خانەنشینییان بۆ ببڕێتەوە.

٥. ١٢. ٤. فرۆشیارە دەستگیرەکان، کتێب فرۆش و شمەک فرۆشەکانی سەر جادە، هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەن، باری ئابووریی خراپ و ئەرکی بژێوی خێزان و منداڵەکانیان ناچاری کردوون ئەو جۆرە کاسبییە هەڵبژێرن. ئەرکی حکومەتە، بەر لەوەی دەرفەتی کاریان لە شوێنە گشتییەکاندا بەرتەسک بکاتەوە، شوێنی کاری شیاویان بۆ دابین بکات. ئەرکی حکومەتە بیمەی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و موچەی خانەنشینییان بۆ دابین بکات.

٥. ١٣. قوربانیانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان:

٥. ١٣. ١. چارەسەرکردنی کێشەی بێماڵی و کرێچێتی و جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە لە بواری نیشتەجێبوونی هاوڵاتیاندا لەپێشەوەی ئەرکەکانی حکومەتە.

٥. ١٣. ٢. چارەسەرکردنی کێشەی بێکاریی و دابینکردنی بیمەی بێکاریی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە لەپێشەوەی ئەرکەکانی حکومەت و پەرلەمانداید. لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە، دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێویست لەو پێناوەدا.

٥. ١٣. ٣. گەڕان بەدوای هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی دیاردەی ماددە سڕکەرەکان، گەڕان بەشوێن باندەکانی فرۆشتن و بازرگانی و ئاودیوکردنی ئەو مادانە لە ناوخۆو دەرەوەدا. دروستکردنی لیژنەی هاوکاریی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا لەو پێناوەدا.

٥. ١٣. ٤. زیندانییەکان قوربانیی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانن. ئەرکی حکومەتە کەشێکی مرۆڤانەیان لەڕووی جەستەیی و مەعنەویی و فێرکارییەوە بۆ دابین بکاتو پاش تەواوکردنی ماوەی یاساییان لە زیندانداً لەناو کۆمەڵگاو دامودەزگاکانی وڵاتدا جێگەیان بکاتەوە.

٥. ١٣. ٥. بلاوبوونەوەی دیاردەی کەسانی بێحاڵ و ماڵ دێوانەکانی سەر جادە، دیاردەی سوالکەریی بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا، بەسوخرەگرتنی منداڵو نەوجەوانان بەرامبەر کرێیەکی کەم، بلاوبوونەوەی تۆڕەکانی لەشفرۆشی...، ئەو دیاردە ترسناکانەن کە هەڕەشە لە ماناکانی هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی دەکەنو پەیکەریی کۆمەڵایەتی لاوازدەکەن. چارەسەرکردنی هەموو هۆکارو دەرهاویشتەکانی ئەو دیاردانە ئەرکی حکومەتە.

٥. ١٣. ٦. ڕێزگرتنی پەناهەندەکانو دابینکردنی کامپو شوێنی ژیانی شیاو بۆیان، ڕێزگرتنی کرێکارە بیانییەکان کە لە پرۆسەی بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا کاردەکەن. بەدواداچوونی کێشەی زوڵملێکردنو خراپ بەکارهێنایان ئەرکی حکومەتە.



فۆتۆ: ناسێح عەلی خەیات

گەرمیانیش ریفراندۆمی خۆی کرد



فۆتۆ: سەباح عەلی قارەمان



حاجی ئاسکەی نەو ژنەی بارزانی دەستی ماچ کرد:

داوا لەخەڵکی گەرمیان دەکەم دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، چونکە ١٨ساڵە دەسەڵات ناوچەی گەرمیانو کەسوکاری گەرمیانییەکانی فەرامۆش کردووە

فۆتۆ: دیار ئەحمەد